**هاواری کۆتاییم: هاوارێکە بۆ ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتیک — ئاپۆ**

**نووسین: شارا تاهیر**

**بەشی یەکەم**

"تەنهــا جەنگاوەرەکــان دەتــوانن ئاشــتی دروســت بــکەن؛ تەنهــا ئەوانەی بەرپرســیاری جەنــگ و هەڵگیرساندنی جەنگن، دەتوانن بەرپرسیاری ئاشتی بن و دانوستانی ئاشتی بکەن".

-ئاپۆ

## پێشەکی

ئــاپۆ لە بیســت و پێــنجی نیســانی ئەمســاڵدا، وەک بەشــێک لە دیــدوبۆچوونەکانی خــۆی لەســەر ئەم قۆنــاغە نــوێیە و پرۆســەی ئاشــتی، بــانگەوازێکی ئاراســتەی کــۆمەڵگەی کــوردی کــرد. ئەوەی لەم بــانگەوازەدا جــێی ســەرنجە، جەختکــردنەوەیە لەســەر ئەو ڕاســتییەی ئەگەر دەســتپێکردنی دانوســتان جارێــک کــارێکی ئەســتەم و قــورس بێــت، ئەوا بەردەوامبــوون و گەیانــدنی پرۆســەکە بە ســەرکەوتن سەد جار قورسترە.

ئــاپۆ لەم بــارەیەوە دەڵێــت: ئەم وتەیە تەنهــا بانگەوازێــک نیــیە بــۆ وەســتاندنی شــەڕ و دەســتپێکردنی گفتوگــۆ؛ بەڵکــو دەتوانرێــت وەک هەوڵێــک بــۆ دانــانی چوارچێــوەیەکی نــوێ بــۆ خوێنــدنەوەی نــاکۆکیی نێوان کورد و تورک و پرسی داهاتووی کورد بخوێندرێتەوە.

گـــرنگیی ئەم بـــانگەوازە لەوەدایە کە پـــرسی ئاشـــتی لە ئاســـتی «ئاگربەســـت» و «وەســـتاندنی تونــدوتیژی» بەرز دەکــاتەوە بــۆ ئاســتی پرســیارکردن لە سروشــتی قۆنــاغەکە، سروشــتی بــزووتنەوە، شــێوازی خەبــات، پەیوەنــدیی نێــوان کــورد و دەوڵەت، ئەوەی کە دوای کۆتاییهــاتنی جەنــگ، چ جۆرە پەیوەندییەکی سیاسی و چ جۆرە کۆمەڵگەیەک دەبێت دروست بکرێت.

لێرەدا پرسیاری جەوهەریی ئەم بانگەوازە ئەوەیە:

ئایــا ئەم جــارە پرۆســەی ئاشــتی تەنهــا گــۆڕانێکە لە شــێوازی مــامەڵەکردن لەگەڵ کێشــەی کــورد، یــان بەڕاســتی هەنگــاوێکە بەرەو گــۆڕینی ئەو سیســتمی بیرکــردنەوە و ئەقڵــیەتە سیاســییەی کە بــۆ چەنــدین ساڵ، پەیوەندیی نێوان کورد و دەوڵەتی تورکیا و شێوازی خەباتی کوردی دیاریکردووە؟

هەڵـــبەت، هەر لە ســـەرەتای دەســـتپێکردنی ئەم پرۆســـەیەوە، ڕەخـــنە و دیـــدوبۆچوونە جۆراوجۆرەکــان لە کــۆمەڵگەی کوردیــدا بەرە و ئەم ئاراســتەیە چــوونەتە پێشــەوە کە ئەمە یەکەمــین جــار نیــیە دەوڵەتی تورکیــا پەنــا بــۆ دانوســتان دەبــات. لە دیــدی ئەم ڕەخنەگــرانەدا، هەر جارێــک دەوڵەت هەســتی بە لاوازیی خــۆی کــردووە، یــان نەیتوانیــوە قۆنــاغێکی ســیاسی و ســەربازی بە ئاســانی تێپەڕێنێــت، هانــا و پەنــای بــردووەتە بەر دانوســـتان؛ بەڵام لە کۆتاییـــدا، بەڵێـــنی مافەکـــان و چارەســـەری ســـیاسی بـــووەتە کـــارتی دانوســـتان، و دوای گەیشـــتن بە ئامانجەکـــانی خۆیـــان، پرۆســـەکەیان بەجێهێشـــتووە و کوردشـــیان بە دەســـتی بەتـــاڵ گەڕانـــدووەتەوە بـــۆ لاپەڕەکـــانی مـــێژوو. هەر بــۆیە لە جــێی خۆیــدایە کە ئەم بۆچوونــانە یــان ووردتــر بڵێــین ئەم نیگەرانیــیە بە هەنــد وەربگــرین و پرسیاری جدی لەسەر دروست بکەین و بڵێین:

ئایـا ئەمجـارەش هەمـان سـیناریۆ دووبـارە دەبێـتەوە؟ ئایـا لەبـری پـێکی پـیرۆزی سـەرکەوتن، ئـاپۆ و کورد جارێکی تر ژەهری شکستی دانوستان بە دەستی ئەردۆغان و دەوڵەتی تورکیا دەخواتەوە؟
بـۆ وەڵامـدانەوەی ئەم پرسـیارانە، پێویسـتە سـەرەتا سروشـتی پرۆسـەکانی دانوسـتان و ئەو مەرجـانە بـزانین کە وایـان کـردووە هەنـدێک پرۆسـەی ئاشـتی لە جیهانـدا سـەرکەوتوو بـن و هەنـدێکی تـر شکسـت بخـۆن. بـۆ ئەم مەبەسـتەیش خوێنـددنەوەی جۆناثـان پـاوڵ دەتوانێـت کلیلـێکی گرنـگ بێـت بـۆ تێگەیشـتن لەوەی کە ئایـا بـانگەوازی ئـاپۆ چەنـدە توانـای ئەوەی هەیە ببێـتە دەسـتپێکی پرۆسەیەکی سەرکەوتوو.
جۆناثـان پـاوڵ، کە لە مـاوەی دەسـەڵاتی تـۆنی بلـێر لە ڕێکخسـتنی پرۆسـەی ئاشـتیی ئیرلەنـدای بـاکووردا ڕۆڵـێکی گـرنگی هەبـوو، لە کتێـبی (تیرۆریسـتەکان لە سـەر مـێزی گفتوگـۆ: بـۆچی دانوسـتان تاکە ڕێگەیە بۆ ئاشتی)،
و لە *"Terrorists at the Table: Why Negotiating Is the Only Way to Peace"*
گفتوگـۆ و کارەکـانی لە بـواری چارەسـەرکردنی ململانێکانـدا جەخـت لەوە دەکـاتەوە کە سـەرکەوتنی دانوسـتان تەنهـا بە خواسـتی لایەنەکـان بـۆ گفتوگـۆ پەیوەسـت نیـیە؛ بەڵکـو سروشـتی بـزوتنەوە وڕێکخراوەکـانی کە بەشـدارن، شـێوازی سـەرکردایەتی هاوکـات پەیوەنـدیی سـەرکردایەتی بە جەمـاوەر و توانـای لایەنەکـان بـۆ جێبەجێکـردنی ئەوەی لەسـەری ڕێکـدەکەون، کـاریگەرییەکی بنەڕەتییـان هەیە. پـاوڵ بە تـایبەتی ئامـاژە بەوە دەکـات کە گـرووپە هەرەمییەکـان و ئەو بـزوتنەوانەی سـەرکردەیەکی بەهـێز و کاریگەرییـان هەیە، لە دانوسـتاندا ئەگەری زیـاترە بتـوانن بڕیارەکـانی سـەرکردایەتی بەسـەر ئەنـدامانی خۆیانـدا بسـەپێنن؛ بە پـێچەوانەوە، گـرووپە لامەرکەزییەکـان کە سـەرکردایەتی ناتوانێـت کـردەوەی ئەنـدامانی خـۆی کـۆنترۆڵ بکـات، دەتـوانن پرۆسـەی ئاشـتی ئـاڵۆزتر بکەن. لێرەدا بە ورردی لەسەر ئەو خاڵانە دەوستین:

**یەکەم: سروشتی بزوتنەوەکە**

لە دیـدی پـاوڵەوە، جـۆری ڕێکخسـتنی نـاوخۆی بـزوتنەوەیەکی سـیاسی یـان چەکـدار کـاریگەرییەکی ڕاسـتەوخۆی لەسـەر توانـای دانوسـتان هەیە. ئەو بـزوتنەوانەی کە توانـای ڕێکخـراوی هەرەمی و کـۆنترۆڵی نـاوخۆیی بەهێزیـان هەیە، ئاسـانتر دەتـوانن بڕیـارێکی سـیاسی بگەنێـتە ئەنـدامانی خۆیـان و پابەنـدییان بە ڕێکەوتنێـک مسـۆگەر بـکەن. بەڵام ئەگەر دەسـەڵاتی سـەرکردایەتی لەنـاو بـزوتنەوەکەدا پارچەپـارچە بێـت و کـادرو ئەنـدامەکان بتـوانن هەریەکە بە سـەربەخۆیی بڕیـار بـدەن، تەنـانەت ڕێکەوتـنی سـەرکردایەتی لەگەڵ لایەنی بەرامـبەر ناتوانێـت بە خـۆی گەرەنـتی جێبەجێکـردنی ڕێکەوتـن بکـات. ئەمە یەکـێکە لە هۆکـارە سـەرەکییەکانی جیـاوازی نێـوان «گەیشـتن بە ڕێکەوتـن» و «توانای جێبەجێکردنی ڕێکەوتن.«
ئەگەر ئەم خـاڵە لە چوارچێـوەی سروشـتی بـزووتنەوەی پەکەکەدا بخـوێنینەوە، دەتـوانین پەیوەنـدیی نێـوان ئیمـراڵی، قەنـدیل، بـوارە سیاسـییە ئاشـکراکان و دیاسـپۆرا بە پەیوەنـدییەکی دیـالێکتیکی و تەواوکەری یەکـتر لێکبـدەینەوە؛ پەیوەنـدییەک کە تێیـدا هەر بەشـێک، لەگەڵ

ئەوەی ئەرک و تایبەتمەنـدیی خـۆی هەیە، لە بوارەکـانی تـریش جیـا و بێ پەیوەنـدی نیـیە، بەڵکـو بە شـێوەیەکی پێکەوەبەسـتراو کـاریگەری لەسـەر یەکـتر دادەنـێن و لە کـۆی ئەم پەیوەنـدییە ئاراسـتەی گشـتیی بـزووتنەوەکە دیـاری دەکرێـت. ئەگەرچی پێشـتر دەنگـۆی بـوونی نـاکۆکی و جیـاوازیی ڕوانـگە لە نێـوان ئیمـراڵی و قەنـدیل دا هەبـوو، بە تـایبەتی لەسـەر ئەوەی کە هەر یەکەیـان خەتی ئەوی تـر بە تەواوی نـاخوێنێتەوە، بەڵام ئەوەی لە کـرداردا ڕوویـدا وەڵامـێکی جیـاوازی بـۆ ئەم دەنگۆیـانە دایەوە. کاتێـک ئـاپۆ بـانگەوازی دەسـتپێکردنی پرۆسـەی ئاشـتی و کـۆمەڵگەی دیمـوکراتیکی کـرد، قەنـدیل بە خـێرایی و بە شـێوەیەکی ئەرێـنی وەڵامی ئەو بـانگەوازەی دایەوە. ئەمەش تەنهـا لە ئاسـتی گوتـاردا نەمـایەوە، بەڵکـو دوا بە دوای ئەو بـانگەوازە، کـۆنگرەی دوانـزەهەمینی بـزووتنەوەکە بەسـترا و بڕیارەکانی پەیوەندیدار بە هەڵوەشاندنەوەی بزووتنەوەکە خرانە بواری جێبەجێکردنەوە.

لە هەمـان چوارچێـوەیەدا، ژنـان تەنهـا بەشـێکی بەشـداریکەر لە بـزووتنەوەکە نـین، بەڵکـو بـوونەتە یەکێـک لە تـوخمە سـەرەکی و دیاریکەرەکـانی بونیـاد و ئاراسـتەی ئەو بـزووتنەوەیە. بەشـداریی ژنـان لە پرۆسـەکانی خەبـات و ڕێکخسـتن، لە دروسـتکردنی گوتـاری سـیاسی و لە گۆڕانکـارییە کۆمەڵایەتییەکانـدا، وای کـردووە ڕۆڵی ژن لە سـنووری بەشـداریکردن تێپەڕێـت و بگـاتە ئاسـتی بەشـداربوونی چـالاک لە دیـاریکردن و ئاراسـتەکردنی پرۆسـەکە. لە ڕوانـگەی پرۆسـەی ئاشـتییەوە، ئەم ڕۆڵەی ژنـان گـرنگییەکی زیـاتر وەردەگرێـت؛ چـونکە بەشـداریی ڕاسـتەقینە و کـاریگەریی ژنـان لە گفتوگـۆ، متمانەسـازی، بڕیـاردان و بنیاتنـانی کـۆمەڵگەیەکی دیموکراتیـک، تەنهـا ڕەنگـدانەوەی گۆڕانکـارییە کۆمەڵایەتییەکـان نیـیە، بەڵکـو دەتوانێـت ببێـتە یەکێـک لە مەرجە سـەرەکییەکانی بەردەوامی، قووڵبـوونەوە و سـەرکەوتنی پرۆسـەی ئاشـتی. لەبەرئەوە، هەر پرۆسـەیەکی ئاشـتی کە بەشـداریی ژنـان بە شـێوەیەکی ڕاسـتەقینە و کـاریگەر لە نـاو بونیـادی خۆیـدا جێگـیر بکـات، دەکرێـت هەنگاوێکی گرنـگ بێـت بـۆ گـۆڕینی پەیوەنـدییەکانی خەبـات بـۆ پەیوەنـدییەکانی گفتوگـۆ، متمانەسـازی و چارەسەری سیاسی.

**دووەم: سروشتی سەرکردایەتی و بەرپرسیارێتیی ڕابەر لە پرۆسەی ئاشتی**

جۆناثـان پـاوڵ لە شرۆڤەکـردنی پرۆسـەکانی ئاشـتی، بەتـایبەتی لە ئەزمـوونی ئیرلەنـدای بـاکوور، گـرنگییەکی زۆر بە سـەرکردایەتیی بەهـێز و توانـای وەرگـرتنی بڕیـارە قورسـەکان دەدات. لە ڕوانـگەی پـاوڵەوە، پرۆسـەی ئاشـتی بە تەنهـا دانیشـتن لەسـەر مـێزی دانوسـتان سـەرناکەوێت؛ پێویسـتی بە سـەرکردەیەک هەیە کە بتوانێـت لە کـاتی گونجـاو و پێویسـت دا بڕیـاری قـورس بـدات، لەوەیـش گرنگتر بتوانێت جەماوەری خۆی بۆ قبووڵکردنی ئەو بڕیارە ئامادە بکات.

بەم مانـایە، سـەرکردایەتیی بەهـێز تەنهـا ئەوە نیـیە دەسـەڵاتی بڕیـاردانی هەبێـت؛ بەڵکـو ئەوەیشـە کەبەرپرسـیارێتی دەرئەنجـام و بـارگرانیی بڕیـارەکەیش هەڵبگرێـت. پـاوڵ ئەم دۆخە بە بـیرۆکەی «دوو جەمـاوەر» دەبەسـتێتەوە. واتە سـەرکردەی ئاشـتی لە کـاتی دانوسـتاندا تەنهـا لەگەڵ بەرامـبەرە سیاسـییەکەی گفتوگـۆ ناکـات؛ بەڵکـو لە هەمـان کاتـدا لەگەڵ جەمـاوەری خۆیشیـ دەدوێـت و پێویسـتە ڕازییـان بکـات. واتە بتوانێـت خواسـت و بۆچـوونی هەردوو لایەن لەبەرچـاو بگرێـت: بە

مانـایەکی دیـکە، لە لایەک دەبێـت خـۆی بـۆ مـێژی دانوسـتان ئامـادە بکـات، لە لایەکی تریشـەوە دەبێـــت پێشــــوەخت کـــاری بــــۆ ئەوە کردبێـــــت کە جەمـــــاوەرەکەی لە دەرەوەی مــــێژەکە ئامادەبێـت قبــوولی پرۆســەکە بکـات. لـێرەدا توانـای سـەرکردایەتی دەبێـتە یەکێـک لە مەرجە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی.
ئەم بـیرۆکەیە لە قســەکانی ئـاپۆ دا بە شـێوەیەکی زۆر ڕوون دەبینرێـت. ئەو جەخـت دەکـاتەوە کە بەرپرسـیارێتیی ئاشـتی ناتوانرێـت بـدرێتە دەسـتی نـاوبژیوان، هاوپەیمـان یـان هـێزێکی سـێیەم؛ بەڵکـو ئەو لایەنەی کە لە ســەرەتادا بەرپرســیارێتیی جەنــگی هەڵگرتــووە، دەبێــت بەرپرســیارێتیی گەڕان بەدوای ئاشتی و بەردەوامکردنی ئەو پرۆسەیەش هەڵبگرێت.
لە ڕوانــگەی ئـاپۆوە، ئەمە تەنهــا پرەنســیپێکی سـیاسی نیـیە؛ بەڵکــو ئەخـلاقی بەرپرســیارێتیی سـەرکردایەتییە. ئەگەر سـەرکردەیەک بتوانێـت لە کـاتی جەنگـدا بڕیـار بـۆ جەنـگ بـدات، هەمـان سـەرکردە دەبێـت بتوانێـت لە کـاتی هـاتنەدەرەوە لە جەنگیشـدا بڕیـارێکی قـورس بـۆ ئاشـتی بـدات. چـونکە ئەگەر بەرپرسـیارێتیی جەنـگ لەسـەر شـانی ئەو لایەنە بـووە، بەرپرسـیارێتیی کۆتاییهێنـان بە جەنـگ و دەسـتپێکردنی پرۆسـەی ئاشـتییش ناتوانێـت بە ئاسـتێکی دووەم یـان بە لایەنـێکی ناوەنـدی بسپێردرێت.
ئـاپۆ بـۆ ڕوونکـردنەوەی قـورسی ئەم بەرپرسـیارێتییە، خـۆی بە نمـوونە دەهێنێـتەوە و دەڵێـت بەو پێـیەی خـۆی سـەرکردە و جێبەجـێکەری سـەرەکیی جەنــگ بــووە، لە بەرامــبەر بــانگەوازی ئاشـتییەکەدا خـۆی بە بەرپرسـیار زانییـوە کە دەسـتبەجێ وەڵامی بەرامـبەر بـداتەوە بـۆ پرۆسـەی دانوسـتان. لـێرەدا سـەرکردایەتی تەنهـا بە مانـای توانـای دەسـتپێکردنی جەنـگ نیـیە؛ بەڵکـو توانـای هەڵگرتنی بارودۆخی قورس و گۆڕینی ئاراستەیەکە بۆ ئاشتییە.
لـێرەدا بیرۆکەکـانی پـاوڵ و تێڕوانیـنی ئـاپۆ لە خـاڵێکی گرنگـدا یەک دەگـرنەوە: دانوسـتانی سـەرکەوتوو پێویسـتی بە سـەرکردەیەک هەیە کە بتوانێـت بڕیـاری قـورس بـدات و هەمـان کـات جەمـاوەرەکەی بـۆ قبـوولکردنی ئەو بڕیـارە ئامـادە بکـات. چـونکە ئاشـتی جەنـگە گەورەکەیە زۆرجـار لە خـودی جەنگـیش قورسـترە؛ جەنـگ دەتوانێـت بە فرمـان دەسـت پێ بکـات، بەڵام ئاشـتی پێویسـتی بە قایلکردن، متمانەسازی، بیرکردنەوەی وورد و بەرپرسیارێتیی گەورە هەیە.
لەبەر ئەمە، ئەوەی ئـاپۆ لە بانگەوازەکەیـدا دەیکـات، تەنهـا وەڵامـدانەوەیەکی سـیاسی بە بـانگەوازی بەرامـبەر نیـیە؛ بەڵکـو هەڵگـرتنەوەی بەرپرسـیارێتیی سـەرکردایەتییە لە قۆنـاغی جەنـگەوە بـۆ قۆنـاغی ئاشــتی. ئەو لەوێــدا خــۆی بەشــێک لە کێشــەکە دەزانێــت، بــۆیە خۆیشیــ دەخــاتە پێشــەوە و بەرپرسیارێتیی چارەسەرکردنەکەش لە خۆی دوور ناکاتەوە.
بەم مانـایە، سـەرکردەی ڕاسـتەقینەی ئاشـتی ئەوکەسـە نیـیە کە تەنهـا دەتوانێـت لەگەڵ بەرامـبەر ڕێـک بکەوێـت؛ بەڵکـو ئەوەیە کە بتوانێـت جەمـاوەری خـۆی لەگەڵ خـۆی ببـات بـۆ شـوێنێک کە لە پێشـترەوە ئامـادەی قبـوولکردنی نەبـووە. ئەمەش لە قـووڵترین ماناکـانی سـەرکردایەتییە لە پرۆسـەی ئاشــتی: گــۆڕینی بڕیــاری قــورس بــۆ هەنگــاوی ســیاسی، و گــۆڕینی بەرپرســیارێتیی جەنــگ بــۆ بەرپرسیارێتیی ئاشتی.

ئاپۆ لەمبارەیەوە دەڵێت:
”ئەم قۆنـاغە کـاری جـدی پێویسـتە، چـونکە ئەوەی ئێسـتا ڕوودەدات، تەنهـا هەڵوێسـتێکی کـاتی یـان گـۆڕانێکی ئاسـایی لە سیاسـەتدا نیـیە؛ بەڵکـوو هەنگـاوێکی گەورە و مێژوویـیە بەرەو قۆنـاغێکی نـوێ، قۆناغێـک کە دەتوانێـت کۆتـایی بە شـێوازێکی کـۆن لە ڕێکخسـتن و ملمـێلانێ بهێنێـت و دەرگـای چارەسـەرێکی نـوێ بکـاتەوە. ئەوەی سەرنجڕاکێشـە کە ئەم هەنگـاوە سـەرەتا لە لایەن ئـێمەوە نەدراوە بەڵکـو، لەلایەن کەسـێکەوە نـراوە کە بـۆ سـالانێکی زۆر دژی مـن تێکۆشـاوە و بە خـوێنی سـەری مـن تینـو بـووە؛ کەسـێک هەمـوو ئەو توانـایەی لەدەسـتیدا بـووە بـۆ دژایەتی و لە سـێدارادانی مـن بەکاریهێنـاوە. کەسـێک لەسـەر بنەمـای هەسـتیاریی تورکبـوون، بـووەتە پـارت و لە نێـوان پـارت و دەوڵەتـدا بـووەتە دەنـگ و دەسـتێکی کـاریگەر. ئەو کەسـەیش دەوڵەت بـاخچەلییە؛ ئەوەی پێشـتر پێشـەنگایەتیی شـەڕێکی بێوچـانی دژی ئـێمەی کـردووە، وەلێ ئێسـتا هەر خـۆی بـووەتە ئەو کەسـەی دەرگای قۆناغێکی نوێ کردۆتەوە.
دەوڵەت بـاخچەلی بە شـاندی دەم پـارتی گـوت ”هەمـوو تەمەنی خـۆمم بـۆ ئەم مەبەسـتە تەرخـان کـردووە، وەلێ، ئێسـتا نیـازمە دەرگـا بە ڕووی قۆنـاغێکی نوێـدا بـکەمەوە“ بە بـاوەڕی مـن، ئەمە تەنهـا بانگەوازێـک بـۆ کۆتاییهێنـان بە شـەڕ نیـیە؛ بەڵکـو بـانگەوازێکی کـراوەیە بـۆ ئاشـتی، گفتوگـۆ و دامەزرانـدنی کـۆمەڵگەیەکی دیموکراتیـک. ئەگەر ئەم دەرگـایە بە ڕاسـتی کـراوەتەوە، ئەوا پێویسـتە ئـێمەیش بە هەمـوو هـێز و هۆشـیارییەوە هەنگـاوی بـۆ بنێـین؛ چـونکە دەرفەتە مێژووییەکـان هەمیشە دووبارە نابنەوە[1].
لەو چوارچێـوەیەدا، بڕیـاری فەسـخکردنی پەکەکە و دانـانی چەک دەکرێـت وەک یەکێـک لە قورسـترین بڕیارەکـانی ئەم پرۆسـەیە بخوێنـدرێتەوە. چـونکە دانـانی چەک تەنهـا وەسـتاندنی بەکارهێنـانی چەک نیـیە؛ بڕیـارێکە ڕاسـتەوخۆ کـاریگەری لەسـەر ڕێکخسـتن، ناسـنامەی سـیاسی و بـیرۆکەی بـوون و کەیـانی ئەو بـزوتنەوەیە هەیە کە سـالانێکی زۆر لەسـەر بنەمـای بەرخـودان وەسـتاوە. لە ڕوانـگەی پـاوڵەوە، ئەم جـۆرە لە بڕیـاردان نمـوونەیەکی ڕوونە بـۆ توانـا و هـێزی سـەرکردە لە پرۆسـەی ئاشـتیدا چـونکە ئەو دەبێـت بتوانێـت بڕیارێـک بـدات کە لەوانەیە بـۆ بەشـێک لە پشـتیوانانی خـۆی قـورس یـان تەنـانەت نـاڕەحەتی دروسـتبکات، بەڵام لە هەمـان کاتـدا بتوانێـت هۆکـاری ئەو بڕیـارە و ئامـانجی سیاسـیی پشـتەوەی بۆیـان ڕوون بکـاتەوە. ئەمە جیـاوازیی نێـوان سەرکردایەتی لە قۆناغی جەنگ و سەرکردایەتی لە قۆناغی ئاشتییە.
لە قۆنـاغی جەنگـدا، سـەرکردە دەبێـت بتوانێـت بڕیـاری دەسـتپێکردن یـان بەردەوامکـردنی جەنـگ بـدات، بەڵام لە قۆنـاغی ئاشـتی، هەمـان سـەرکردە دەبێـت بتوانێـت بڕیـاری کۆتاییهێنـان بە جەنـگ و گواسـتنەوە بـۆ ئـامرازە سیاسـییەکان بـدات. لەبەر ئەمە، ئەوەی ئـاپۆ بـۆ خـۆی بەرپرسـیارێتیی وەڵامـدانەوەی بـانگەوازی ئاشـتی دەبینێـت، لەگەڵ ئەو تێڕوانیـنەی پاوڵـدا یەکـدەگرێتەوە کە

[1] مانیفێستۆی ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتیک، عبدوڵڵا ئۆجەلان، ٢٠٢٥.

سەرکردایەتیی ڕاستەقینە لە پرۆسەی ئاشتیدا لە توانای وەرگرتنی بڕیارە قورسەکاندا دەردەکەوێت.

لە هەمان چوارچێوەدا، دەتوانین ئەو وتەیەی ئاپۆ «ئەوانەی جەنگیان کردووە، هەر ئەوانەیش دەتوانن ئاشتی بەدیبێنن» شرۆڤە بکەین، چونکە لەم سیاقەدا تەواوی ماناکەی ڕوون دەبێتەوە. ئەگەر لایەنێک لە قۆناغی جەنگدا بەرپرسیارێتیی بڕیارە سەربازییەکان و هەڵسوڕاندنی جەنگی هەڵگرتبێت، لە قۆناغی ئاشتیش دەبێت بتوانێت بەرپرسیارێتیی بڕیارە قورسەکانی وەستاندنی جەنگ و گواستنەوە بۆ سیاسەت هەڵبگرێت. نەک تەنها ئەوە، بەڵکو لە سەرەتای دەستپێکردنی پرۆسەکەدا، ئاپۆ بە ڕاشکاوی دەڵێت کە خۆی بەرپرسیارێتی ئەم قۆناغە دەگرێتە ئەستۆ. بەڵام ئەمە بە هیچ شێوەیەک بەو مانایە نییە ئاپۆ تاکە بکەری پرۆسەکەیە و گەل تەنها ئۆبژەیەکە کە دەبێت بە شێوەیەکی کوێرانە بڕیارەکانی ئەو قبوڵ بکات. بە پێچەوانەوە، کاتێک ئاپۆ جەخت لەوە دەکاتەوە کە خاوەنی توانای تیۆری و پراکتیکییە بۆ هەنگاونانی جددی لەم قۆناغەدا، لێرەدا «توانای پراکتیکی» بە مانای ئیرادە و توانای گەل دێت؛ واتە گەل نەک تەنها وەرگرو و تەماشاکاری پرۆسەکە، بەڵکو گەل وەک بکەرێکی کارا و بەشدارێکی سەرەکیی لە پێشخستن و سەرخستنی پرۆسەکە. ئاپۆ لە بانگەوازەکەیدا ئاماژە بە جۆرێک لە «پرۆتۆکۆڵی ڕۆحی» لە نێوان خۆی، بزووتنەوەکە و گەل دەکات؛ پەیوەندییەکی ڕۆحی کە تەنها لە وشە و بانگەوازدا نامێنێتەوە، بەڵکو دەبێت لە چوار ئاستدا خۆی بنوێنێت: ئاستی ڕۆحی، فکری، ڕێکخراوەیی و تێکۆشانی. ئەم چوار ئاستەش پێکەوە بنەمای ئەو پەیوەندییە دروست دەکەن کە لە ڕێگەیەوە گەل دەتوانێت لە قۆناغێکی وەرگرتنی بڕیارەوە بگوازرێتەوە بۆ قۆناغی بەشداریکردن و بەرهەمهێنانی بڕیار. لە هەمان ڕوانگەیەوە، کاتێک ئاپۆ دەڵێت «سەردەمی حیزب بەسەرچووە»، مەبەستی تەنها کۆتاییهاتنی شێوازێکی دیاریکراوی ڕێکخستنی سیاسی نییە؛ بەڵکو ئاماژەیە بۆ گۆڕانێکی بنەڕەتی لە ڕۆڵی گەل لە پرۆسەی سیاسی دا. واتە، ئەگەر لە قۆناغی پێشوودا حیزب بووە ناوەندی ڕێکخستن و جوڵاندنی پرۆسەکە، لە قۆناغی نوێدا ئەو ناوەندە دەبێت بۆ خودی گەل بگوازرێتەوە. بەم مانایە، ئێستا کاتی ئەوەیە گەل تەنها بینەری شانۆی سیاسەت نەبێت، بەڵکو خۆی بێتە سەر شانۆ و ببێتە بکەر و دروستکەری چارەنووسی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی.

هەر بۆیە بڕیاری فەسخکردنی پەکەکە و دانانی چەک نابێت تەنها وەک کۆتایی هێزی چەکدار بخوێندرێتەوە؛ بەڵکو دەبێت وەک بڕیارێکی ستراتیژی بۆ گۆڕینی مەیدانی چارەسەرکردنی کێشە لێک بدرێتەوە: کێشەکە لە مەیدانی جەنگەوە دەگوازرێتەوە بۆ مەیدانی سیاسەت، و لەوێشەوە بۆ دانوستان و چارەسەری دیموکراتیک.

هەڵبەت دانانی چەک خۆی بە تەنها مانای بەرقەراربوونی ئاشتی نییە. دانانی چەک دەبێتە دەستپێکی قۆناغێکی نوێ. ئەگەرخودی ئەم بڕیارە نەبێتە دەستپێک بۆ پرۆسەیەکی سیاسیی بەردەوام، متمانەسازی و سازان، بەشداریکردن و چارەسەرکردنی بنەڕەتیی کێشەکە، ئەوا

مەترســـی ئەوە هەیە کە تەنهـــا «بێـــدەنگکردنی چەک» بەدەســـت بێـــت، نەک ئەو ئاشـــتییە ئەرێنییەی کە ئاپۆ هەوڵی بۆ دەدات.
هەربــۆیە  گــرنگیی بڕیــاری فەســخکردن و دانــانی چەک لەوەدایە کە قورســترین هەنگــاوە لە گــۆڕینی ئاراســتەی پرۆســەکە: لە «چــۆن جەنــگ بکەیــن؟» بــۆ «چــۆن دانوســتان بکەیــن؟» و دواتــر بــۆ «چـــۆن چارەســـەرێکی سیاســـی بەردەوام دروســـت بکەیـــن؟». ئەمەش ئەو جـــۆرە بڕیـــارەیە کە بە تەنهـــا لە ســـەرکردەیەکی بەهـــێزەوە چـــاوەڕوان دەکرێـــت؛ ســـەرکردەیەک کە نەک تەنهـــا توانـــای دەســـتپێکردنی جەنـــگی هەبێـــت، بەڵکـــو بـــوێریی کۆتاییهێنـــان بە جەنـــگ و هەڵگـــرتنی بەرپرســـیارێتیی ئاشتیشی هەبێت.
بەم پێـــیە، کاتێـــک پـــاوڵ دەڵێـــت پرۆســـەی ئاشـــتی پێویســـتی بە ســـەرکردایەتییەکی بەهـــێز هەیە، لە پرۆســـەی ئـــاپۆدا ئەم بـــیرۆکەیە دەتوانێـــت لە یەکێـــک لە قورســـترین بڕیارەکانـــدا خـــۆی بنوێنێـــت: بڕیـــاری گواســـتنەوە لە چەک بـــۆ سیاســـەت. چـــونکە لە کۆتاییـــدا، ســـەرکردایەتیی ئاشـــتی تەنهـــا ئەوە نیـــیە کە بتوانیـــت بڕیـــار بـــۆ جەنـــگ بـــدات؛ بەڵکـــو ئەوەیە کە بتوانیـــت لە کـــاتی پێویســـتدا بڕیـــارێکی قورس بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگ بدات و جەماوەرەکەیشی لەگەڵ خۆی بەرەو ئاشتی ببات.

**سێیەم: سروشتی پشتیوانی جەماوەر و بەرگریکردن لە توندوتیژی**

هۆکـارێکی دیـکەی کـاریگەر لەسـەر ئەگەری سـەرکەوتنی دانوسـتان، سروشـتی پشـتیوانی جەمـاوەرە بـۆ ئامـانج و سـتراتیژییەکانی بـزوتنەوەکەیە. ئەگەر جەمـاوەر یـان بـنکەی کـۆمەڵایەتیی بـزوتنەوەکە لە تونـدوتیژی مانـدوو بووبێـت و هەسـت بکـات کە بەردەوامبـوونی پێکـدادان تێچـووی زۆری هەیە و بە ئامـانجە سیاسـییەکەی ناگەیەنێـت، ئەوا ئامـادەیی بـۆ قبـوڵکردنی چارەسـەرێکی سـیاسی زیـاتر دەبێـت. لە بەرامـبەردا، ئەگەر تونـدوتیژی هێشـتا لە لایەن جەمـاوەرەوە وەک ئـامرازێکی کـاریگەر بـۆ گەیشـتن بە ئامانجەکـان ببینرێـت، سـەرکردایەتی دەتوانێـت تـووشی فشـاری نـاوخۆیی بێـت و نەتوانێـت بە ئاسـانی بڕیـارە قورسـەکانی پرۆسـەی ئاشـتی وەربگرێـت. پـاوڵ لە هەڵسـەنگاندنی ئەوەی بـۆچی هەنـدێک گفتوگـۆ سـەرکەوتوو دەبـن و هەنـدێکی تـر شکسـت دەهێـنن، گـرنگی بە سروشـتی ڕێکخـراو، سـەرکردایەتی و ئاسـتی قبـوڵکردنی بەردەوامبـوونی تونـدوتیژی لەلایەن جەمـاوەر دەدات. ڕەنـگە ئەم خـاڵە وەڵامێـک بێـت کە بـۆچی لە زۆربەی کۆبـوونەوە و بڵاوکراوەکانـدا بـزوتنەوەی پەکەکە ئامـاژە بەوە دەکەن کە پێویسـتە پاڵپشـت ڕێـبەر ئـاپۆ بـین بەوەی کە دەسـتکراوە بێـت لەسـەر مـێزی دانوسـتان، ئەمەیـش بەو مانـایەی کە باوەڕمـان بە بڕیارەکـانی بێـت، لەم قۆنـاغەدا پاڵپشتی بکەین.

**چوارەم: توانای «ئیمزاکردنی ڕێکەوتن»؛ خاڵی بنەڕەتیی سەرکەوتنی دانوستان**

لەگەڵ هەمـــوو ئەو هۆکـــارانەی باســـکران، یەکێـــک لە گـــرنگترین پرســـیارەکانی هەر پرۆســـەیەکی دانوســـتان ئەوەیە: ئایـــا هەردوولا توانـــای ئەوەیـــان هەیە بـــگەن بە خاڵێـــک کە بڕیـــارە قورســـەکان وەربگرن و ڕێکەوتنێکی کۆتایی واژۆ بکەن؟

ئەمە جیـــاوازییەکی گـــرنگە لەنێـــوان «دانوســـتانکردن» و «گەیشـــتن بە ڕێکەوتـــن». دەتوانرێـــت لایەنەکـان بـۆ مـاوەیەکی درێـژ گفتوگـۆ بـکەن، بەڵام ئەگەر هـیچ کامیـان توانـای وەرگـرتنی بڕیـارێکی سـیاسی قورسـیان نەبێـت، پرۆسـەکە دەتوانێـت بێ کۆتـایی بێ ئەنجـام بێـت. لە پرۆسـەی ئاشـتیی ئیرلەنـدای بـاکووردا، بەکارهێنـانی خـاڵی کۆتـایی و کـاتێکی دیـاریکراو بـۆ تەواوکـردنی گفتوگۆکـان بـوو بە ئامرازێـک بـۆ دانـانی فشـاری پێویسـت لەسـەر لایەنەکـان. پـاوڵ ئامـاژە بەوە دەکـات کە دانـانی کـاتی دیـاریکراو بـۆ کۆتـایی هێنـانی گفتوگۆکـانی سـاڵی ١٩٩٨ ڕۆڵـێکی گـرنگی لە کـۆکردنەوەی هەوڵەکـان بـۆ گەیشـتن بە ڕێکەوتنی باشی ڕۆژی هەینی «*Good Friday Agreement*» هەبوو. بەڵام دوا کات «*Deadline*» بۆ خـۆی بەتەنها گەرەنتیی سەرکەوتن نییە. بەڵکو تەنها ئەگەر لایەنەکان لە ڕووی سـیاسی و نـاوخۆییەوە بـگەنە ئەو خـاڵەی کە ئامـادەن بڕیـارێکی قـورس وەربگـرن، کـاتی دیـاریکراو دەتوانێـت پرۆسـەکە بەرەو کۆتـایی ببەرێـت. بـۆیە خـاڵی گرنـگ ئەوەیە کە کـاتەکە نەبێـتە تەنها ژمارەیەک لەسەر ڕۆژمێر، بەڵکو ببێتە کۆتاییەکی سیاسیی واقعی بۆ هەردوولا.

**پێنجەم: لە پێکدادانەوە بۆ قۆناغی ئاشتی**

لە دیـدی پـاوڵەوە، پرۆسـەی ئاشـتی زۆرجـار لەو خـاڵەوە دەسـت پێناکـات کە لایەنەکـان بە تەواوی دڵنیـابوون لەوەی کە چیـدی تونـدوتیژی و پێکـدادان بێ سـوودە؛ بەڵکـو ئەم تێگەیشـتنە بە درێـژایی پێکـدادان و تـاقیکردنەوەی سـتراتیژییە جیاوازەکـان دروسـت دەبێـت. لە کاتێکـدا لایەنەکـان هەسـت دەکەن بەردەوامبـــوونی جەنـــگ و تونـــدوتیژی ناتوانێـــت ئامـــانجە سیاســـییەکانیان بەدەســـت بگەیەنێت، هەست بە پێویستیی گۆڕینی ئامراز دەکەن: لە ئامرازی سەربازی بۆ ئامرازی سیاسی.

ئەم گـــۆڕانە تەنهـــا گـــۆڕینی شـــێوازی کـــارکردن نیـــیە؛ بەڵکـــو گـــۆڕانێکی ســـتراتیژییە لە تێگەیشـــتنی بـزوتنەوەکە بـۆ ڕێگـای گەیشـتن بە ئامانجەکـانی. بـۆ نمـوونە، ئەزمـوونی ئیرلەنـدای بـاکوور نیشـان دەدات کە پەیوەنـــدیی نێـــوان ســـەرکردایەتیی ســـیاسی و ڕێکخـــراوی چەکـــدار لەوەدا گرنـــگ بـــوو کە ســـەرکردە سیاســـییەکان توانییـــان ڕێکخـــراوی خۆیـــان بەرەو پرۆســـەی ســـیاسی بەرن. لە هەنـــدێک هەڵسـەنگاندندا، توانـای سـەرکردایەتیی شـین فێـین، بە تـایبەتی توانـای ((*Gerry Adams* و (*Martin McGuinness*)بـۆ قـایلکردنی IRA بە ئاراسـتەی ئاشـتی، وەک فـاکتەرێکی گـرنگی سەرکەوتنی پرۆسەکە باس کراوە.

لەبەر ئەوە، «خـــاڵی نەگەڕانەوە» لە پرۆســـەی ئاشـــتی تەنهـــا بە واژۆکـــردنی ڕێکەوتـــن نـــایەتە دی؛ بەڵکـو کاتێـک دروسـت دەبێـت کە لایەنەکـان بە کـردەوە بـگەن بەو بـاوەڕەی کە تونـدوتیژی ناتوانێـت ئامـانجە سیاسـییەکانیان دابـین بکـات و چارەسـەرێکی سـیاسی بەراورد بە بەردەوامبـوونی پێکـدادان ئەنجـامێکی باشـتر دەدات. ئەم گـۆڕانەش زۆرجـار پرۆسـەیەکی درێـژە، نەک ڕووداوێـکی خـێرا و یەکجارەکی.

ئەگەر قسـەکانی ئەردۆغـان بە وردی وەربگـرین، لە نـوێترین کۆبـوونەوەی کـابینەی حکومەتەکەیـدا، لەبەردەم ڕۆژنامەنوســاندا، دان بەو زیـــان و زەرەرە زۆرەی دانـــاوە کە تورکیـــا بەهـــۆی شـــەڕەوە بەرکەوتووە.

ئەو ئامـاژەی بەوە کـردووە کە تێچـووی شـەڕ بـۆ تورکیـا زیـاتر لە ٢.٣ ترلیـۆن دۆلار بـووە و هەروەهـا سـاڵانە نـزیکەی ٥٠ ملیـار دۆلار خەرجی شـەڕ بـووە. لە دیـدی ئەردۆغـانەوە، سـەرکەوتنی ئەو پـرۆژەیەی ئێسـتا لە تورکیـا لەژێـر کـاری پێکردنـدایە، دەتوانێـت دەرفەتـێکی نـوێ بـۆ بوژانـدنەوە و بەهێزکـردنی ئـابووریی وڵات برەخسـێنێت. لە ڕاسـتیدا، سـەرکەوتنی پـرۆژەی ئاشـتی تەنهـا کۆتاییهێنـان بە شـەڕ و نـاکۆکی نیـیە؛ بەڵکـو دەتوانێـت دەسـتپێکی قۆنـاغێکی نـوێ بێـت بـۆ ئـارامی، گەشەپێدان و گەڕاندنەوەی وزە و سامان بۆ ئابووریی تورکیا.

تورکیـا بە دانیشـتوانێکی نـزیکەی ٨٦ ملیـۆن کەس، ئەگەر بتوانێـت بە سـەرکەوتوویی ئەم قۆنـاغە تێپەڕێنێـت، دەکرێـت لە ئاشـتییەکەدا تەنهـا قـازانجی سـیاسی و ئەمـنی نەبینێـت، بەڵکـو قـازانجێکی گەورەی ئابووری و کۆمەڵایەتییش بەدەست بهێنێت.

**شەشەم: ڕێکەوتن کۆتایی پرۆسە نییە؛ دەستپێکی پرۆسەی متمانەیە**

یەکێـک لە هەڵە باوەکـان لە تێگەیشـتن لە پرۆسـەی ئاشـتی ئەوەیە وا بزانرێـت کە واژۆکـردنی ڕێکەوتـن بە مانـای کۆتـایی ململانێـک و دەسـتپێکردنی ئاشـتییە. لە ئەزمـوونی پاوڵـدا، ڕێکەوتـن تەنهـا چـارچێوەیەک بـۆ دروسـتکردنی متمـانە و جێبەجێکـردنی هەنگاوەکـانە. خـۆی پـاوڵ بە ڕوونی دەڵێـت کە «ئاشتی ڕووداوێک نییە، بەڵکو پرۆسەیە.»

بـۆیە متمـانە پێویسـتی بە هەنگـاوی وورد یەک لە دوای یەک، جێبەجێکـردنی بەڵێنەکـان، چـاودێری و میکـانیزمی چارەسـەرکردنی ناکۆکییەکـان هەیە. پـاوڵ لەبـارەی ئەزمـوونی ئیرلەنـدای بـاکوور ئامـاژە بەوە دەکـات کە لایەنەکـان زۆرجـار نـاتوانن لە یەکەم هەنگـاودا بە تەواوی متمـانە بە یەکـتر بـکەن؛ بـۆیە پرۆسـەکە دەبێـت بە هەنگـاوی هێـواش و قۆنـاغ بە قۆنـاغ بەرەوپـێش بچێـت. لەملایشـەوە بـوونی لایەنـێکی سـەربەخۆ بـۆ چـاودێریکردنی ئاگربەسـت (Ceasefire) و جێبەجێکردنی هەندێک بەش لە ڕێکەوتنەکە دەتوانێت متمانە دروست بکات.

هەربـۆیە کێشـەی سـەرەکی زۆرجـار دوای واژۆکـردنی ڕێکەوتـن دەسـت پێـدەکات. لایەنەکـان دەبێـت بتـوانن ئەوەی لەسـەری ڕێـک کەوتـوون بگـۆڕنە کـردار؛ دەبێـت پابەنـدییەکانیان جێـبەجێ بـکەن، نـاکۆکییە نوێیەکـان بە ڕێگـای سـیاسی چارەسـەر بـکەن و بە هەنگـاوی بەردەوام متمـانەی لەنێـوان خۆیـان دروسـت بـکەن. ئەمەش واتـای ئەوەیە کە سـەرکەوتنی ڕێکەوتـن بە واژۆکەی کۆتـایی نـایەت، بەڵکـو بە توانـای جێبەجێکـردنی و دروسـتکردنی متمـانە لە دوای واژۆکـردنەکە پێـوانە دەکرێـت. لە هەمـان ئەزمـوونی ئیرلەنـدای بـاکووردا جیـاوازییەکی ڕوون لەنێـوان «گەیشـتن بە ڕێکەوتن» و «جێبەجێکردنی ڕێکەوتن» هەبووە.

لە کۆتاییـدا، لە دیـدی جۆناثـان پـاوڵەوە، سـەرکەوتنی پرۆسـەی دانوسـتان بە یەک فـاکتەر پشـت نابەسـتێت؛ بەڵکـو ئەنجـامی کۆمەڵێـک مەرج و هۆکـاری پەیوەسـت بە یەکـترە. سروشـتی ڕێکخـراوی بـزووتنەوە، توانـای سـەرکردایەتی بـۆ ڕابەرایەتی و ڕێکخسـتنی پـارتەکەی، ئاسـتی پشـتیوانی جەمـاوەری، ئامـادەیی بـۆ وازهێنـان لە تونـدوتیژی، توانـای وەرگـرتنی بڕیـارە قـورس و چارەنووسسـازەکان، هەموویـان بە شـێوەیەکی گرنـگ کـاریگەری لەسـەر ئەنجـامی پرۆسـەی

دانوســتان هەیە. بەڵام لە ســەرووی هەمــوو ئەمــانەوە، گــرنگترین هۆکــار توانــای هەردوولایە بــۆ گــۆڕینی ڕێککەوتــن و بڕیــارە سیاسـییەکان بـۆ کـردار و جێبەجێکـردنی واقـعی. بەم شـێوەیە، سـەرکەوتنی دانوســتان تەنهــا بە گەیشــتن بە ڕێککەوتــن کۆتــایی نــایەت، بەڵکــو بە توانــای جێبەجێکــردن و پاراستنی ئەو ڕێککەوتنە پێوانە دەکرێت.

لەبەرئەوە، دانوسـتان تەنهـا گەیشـتن بە مـێزی گفتوگــۆ نیـیە؛ بەڵکـو پرۆسـەیەکی درێژخـایەنە کە لە تێگەیشـتن بە سـنووری تونـدوتیژی دەسـت پێـدەکات، بە گـۆڕینی ئامرازەکـان لە سـەربازی بـۆ سـیاسی بەردەوام دەبێــت، لە واژۆکــردنی ڕێکەوتــن تێناپەڕێــت و لە کۆتاییــدا بە جێبەجێکــردنی ڕێکەوتــن و دروسـتکردنی متمـانە دەگـات. بەم مانـایە، واژۆکـردنی ڕێکەوتـن کۆتـایی پرۆسـەی ئاشـتی نیـیە؛ بەڵکـو دەســتپێکی قۆنــاغێکی نــوێیە کە تێیــدا لایەنەکــان دەبێــت توانایــان بــۆ پاراســتن و جێبەجێکــردنی ئەو ڕێکەوتنە بسەلمێنن.

هەربـۆیە ئـاپۆ لەمبـارەیەوە دەڵێـت" ئەم قۆنـاغە خـۆی لە خۆیـدا قۆنـاغێکی ئـاڵۆز و وردە و پێویسـتی بە مــێژوویەکی تــایبەت هەیە. کاتێــک ســەروکارمان لەگەڵ بونیاتنــانەوە و ڕێکخســتنەوەی هەیــکەلی ئەم قۆنـاغەیە، پێویسـتە سـەرەتا کێشـە و ئاڵۆزییەکـان لە ژێـر ناونیشـانە نوێکانـدا دیـاری و چارەسـەر بکــرێن. هەر یەکێــک لەم ناونیشــانانەش پێویســتی بە شــیکردنەوە و لێکــۆڵینەوەی ورد و قــووڵ هەیە، و بێگومـان ئەم پرۆسـەیە کـات و ئـارامیی پێویسـتە. بە مانـایەکی تـر، لەم قۆنـاغەدا پەلەکـردن لە پرۆســەکەدا نیشــانەی ژیــری و زیــرەکی نیــیە؛ بەڵکــو پێویســتە بە هێــواشی و بە هەنگــاوی هۆشــیارانە بەرەو پــێش بچــین، تــاکو بتــوانین بنــاغەیەکی بەهــێز و دروســت دابمەزرێنــین. لەگەڵ ئەمەشــدا، دەتــوانین بڵێــین ئەم «پێشــەکییە» خــۆی دەتوانێــت ببێــتە ڕۆح و بنەمــای نووســینە ســەرەکییەکە. واتە ئەم ســەرەتایە، بە تەنیــا، دەتوانێــت ئەو بنــاغەیە بێــت کە لەســەرەوە بتــوانین تێڕوانینێکی ورد، ڕوون و تیژبینانە لەسەر ناونیشانە سەرەکییەکان دروستبکەین."

زیندان: وەک یەکەم شوێنی گفتوگۆ بۆ ئاشتی

لە دوای ئەوەی کەم تـا زۆر بـاسی دیـد و بۆچـوونی جۆناثـان پاوڵمـان کـرد سـەبارەت بە مەرجەکـانی سـەرکەوتنی دانوسـتان و گەیشـتن بە ئاشـتی. لە جـێی خۆیـدایە بگەڕێـنەوە بـۆ سـەر بـانگەوازەکەی بیسـت و پێـنجی نیسـانی ئەمسـاڵی ئـاپۆ سـەبارەت بە پرۆسـەی ئاشـتی بـزانین تـا چەنـد بە ئاگـایی بیرکردنەوەی ووردەوە لەگەڵ ئەم پرۆسەیە مامەڵەی کردووە.

وەلێ بەرلەوەی بچیــنە ســەر ئەو خــاڵانە، پێویســتە لەســەر چەمکــێکی گرنــگ و سەرنجڕاکێشی ـ ئەم پرۆســەیە بوەســتین؛ ئەویــش چەمکی«زینــدان»ە. بەو مانــایەی یەکێــک لە ڕەخــنە و پرســیارە دووبارەبووەکـان لە نێـو کـۆمەڵگەی کوردیـدا ئەوەیە: ئەگەر ئـاپۆ لە زینـدانە، چـۆن دەتوانێـت ببێـتە بکەرێـکی سـەرەکی لە پرۆسـەی دانوسـتان و چـۆن زینـدان دەتوانێـت ببێـتە دەسـتپێکی پرۆسـەیەکی ئاشتی لەوجۆرە؟

ئەگەر بگەڕێـنەوە بـۆ سـەرەتای ئەم پرۆسـەیە، بیرمـانە سـلاڤۆی ژیـژەک لە وتارێکیـدا بە ناونیشـانی «ڕابەری پەکەکەـ ئـۆجەلان: مانــدێلای ســەردەمی ئــێمەیە» بڵاوکــردەوە. ئەو هەوڵی دا ئەم دوو کەسـە بە یەکەوە ببەسـتێتەوە. هەڵـبەت ئەو وتـارە لەو کـاتەدا دەنگـدانەوەیەکی زۆری دروسـت کـرد

و منــیش هەر لەو کــاتەدا وتــارێکم لەســەر ئەو بەراورد و شــوبهاندنە بە ناونیشــانی «زینــدووکردنەوەی مانــدێلا لەنــاو ئــاپۆدا» نــووسی و پرســیاری ســەرەکی بــۆ مــن لەو ووتــارەدا ئەوە بــوو کە چــۆن ئــاپۆ، مانــدێلا تێپەڕێنێــت و نەبێــتەوە بە مانــدێلا؟ چــۆن ئــاپۆ بتوانێــت دەســت بە بەڵــێن و هیواکــانی خۆیەوە بگرێت؟
هەر بــۆیە ئامــاژەکردن بە هاوشــێوەیی نێــوان ئــاپۆ و مانــدێلا لــێرەدا تەنهــا بــۆ بەراوردکــردنی دوو کەسـایەتی سـیاسی نیـیە؛ بەڵکـو دەکرێـت ببێـتە دەروازەیەک بـۆ تێگەیشـتن لە چەمـکی «زینـدان» و ڕۆڵی زینــدان وەک شــوێن لە پرۆســەی ئاشــتیدا. جۆناثــان پــاوڵ لە کتێبەکەیــدا بە وردی ئەزمــوونی دانوســــتان و گفتوگــۆی نێــوان حکــومەتی ئەفریقــای باشــوور و نیلســۆن مانــدێلا دەگێڕێــتەوە؛ پرۆسەیەک کە سەرەتاکانی لە پشت دیوارەکانی زیندانەوە دەستی پێکرد.
جۆناثــان پــاوڵ لە گێڕانەوەکەیــدا بــاس لەوە دەکــات کە چــۆن زینــدان، کە لە ســەرەتادا بــۆ دوورخســتنەوە و زینــدانیکردنی مانــدێلا بەکــارهێنرابوو، بە هێــواشی گــۆڕا بــۆ شــوێنی یەکەم پەیوەنــدییە سیاســییەکان لەنێــوان مانــدێلا و حکــومەتی ئەفریقــای باشــوور. بە واتــایەکی تــر، ئەو شـوێنەی کە بـۆ جیـاکردنەوە و بێـدەنگکردنی مانـدێلا دیـاریکرابوو، دواتـر بـوو بە شـوێنی دەسـتپێکردنی گفتوگۆیەک کە بەردەوامییەکەی کاریگەرییەکی گەورەی لە داهاتووی وڵاتەکەدا هەبوو.
مانــدێلا ســاڵانێکی زۆر لە زینــدان بەســەر بــرد، بەڵام حکــومەت بە هێــواشی تێگەیشــت کە زینــدان ناتوانێــت کێشــەیەکی سیاســی قــوووڵ و مــێژوویی چارەســەر بکــات. لەبەر ئەوە، یەکەم پەیوەنـدییەکان لەگەڵ مانـدێلا هەر لەنـاو چوارچێـوەی زیندانـدا دەسـتیان پێکـرد. سـەردانی کـۆبی کۆتسیـ، وەزیـری داد، و دواتـر دیـدارە نهێنییەکـان، هەنگاوێکی سـەرەتایی بـوون بـۆ شـکاندنی دیـواری بێ متمــانەیی. ئەو دیــدارانە لە ســەرەتاوە بە مەبەســتی گەیشــتن بە ڕێککەوتنــێکی سیاســی گەورە نەبــوون؛ بەڵکــو یەکەم هەنگاویــان دروســتکردنی پەیوەنــدی، گــوێگرتن لە یەکــتر و تــاقیکردنەوەی ئەگەری گفتوگۆ بوو.
پاشــان، بە پــێی گــێڕانەوەی پــاوڵ، نیــل بارنــارد چــووە نــاو ئەم پرۆســەیە و گفتوگــۆکە لە ئاســتی پەیوەنـدییەکی کەسـییەوە بەرەو پرۆسـەیەکی سـتراتیژی گەشـەی کـرد. بارنـارد دەیویسـت بزانێـت ئایـا مانـدێلا ئامـادەیە تونـدوتیژی ڕەت بکـاتەوە، بۆچـوونی چیـیە لەبـارەی کۆمـۆنیزم و ئایـا گواسـتنەوەی دەسەڵات دەتوانێت بە ڕێگای گفتوگۆ و ڕێککەوتنەوە ئەنجام بدرێت.
بەڵام لە هەمــوو ئەمــانە گــرنگتر، بارنـارد بەو ئەنجـامە گەیشـت کە گفتوگـۆی ڕاسـتەقینە تەنهـا بە دانـانی پرسـیار و وەرگـرتنی وەڵام دروسـت نابێـت؛ بەڵکـو پێویسـتی بە ڕێزگـرتن لە بەرامـبەر و داننـان بە یەکســانیی لایەنەکــان هەیە. ئەمەش لەوەدا دەردەکەوت کە هەوڵی دا دیــدارەکانی داهــاتوو لە بارودۆخێکــدا ئەنجــام بــدرێن کە مانــدێلا و نــوێنەرانی حکــومەت وەک دوو لایەنی گفتوگــۆکەر و لە بەرامبەر یەکتر دابنیشن، نەک وەک زیندانی و زیندانیکەر.
دووبـارە شـوبهاندنی ئەزمـونی ئـاپۆ بە مانـدێلا سـەرەڕای جیـاوازی هەردوو ئەزمـونەکە دەکرێـت کلـیلی تێگەیشـتنێکی گرنـگ بێـت بـۆ ئەوەی چـۆن پرۆسـەی ئاشـتیی ئـاپۆ لە ئیمـڕاڵی بخـوێنینەوە. بێگومـان، ئەزمــوونی ئەفریقــای باشــوور و ئەزمــوونی کوردســتان هەمــان بــارودۆخ و هەمــان مــێژوو نیــیە؛ بەڵام

له خـاڵێکی بنەڕەتیـدا یەکـدەگرنەوە، ئەویـش: گفتوگـۆ دەتوانێـت لەو شـوێنەوە دەسـت پێ بکـات کە لە سـەرەتا بـۆ جیـاکردنەوەی لایەنەکـان دیـاریکراوە ئەویـش زینـدانە. زینـدان وەک شـوێنی تاوانبـاران. ئیمـڕاڵی لە ڕووی فیزیکیـیەوە شـوێنی دەستبەسـەرکردن، جیـاکردنەوە و دوورخسـنتەوەی ئـاپۆیە لە سیاسـەت، وەلێ هەمـان شـوێن لە ڕووی سیاسـییەوە دەتوانێـت ببێـتە جـێگەی پەیوەنـدی و گفتوگـۆ. زینـدان بـۆ خـۆی ناتوانێـت لەمـپەڕ بێـت لەبەردەم گفتوگـۆ؛ ئەگەر ویسـتی سـیاسی و ئامـادەیی بـۆ چارەسـەرکردن هەبێـت، هەمـان دیوارەکـانی زینـدان دەتـوانن ببـنە دەروازەیەک بـۆ گفتوگـۆ. لە ئەزمـوونی مانـدێلاوە دەبینـین کە یەکەم دیـدارەکان نە بە متمـانەی تەواو دەسـتیان پێکـرد و نە بە ڕێککەوتنـێکی گەورە؛ بەڵکـو بە یەکـتر بینـین، گـوێگرتن، ناسـینەوە و ڕێزگـرتن دەسـتیان پێکـرد. بەم مانـایە، ئاشـتی پـێش ئەوەی ببێـتە ڕێککەوتنـێکی سـیاسی، دەبێـت ببێـتە پرۆسـەیەکی مرۆیی و سیاسی بۆ شکاندنی بێمتمانەیی.

لەم ڕوانـگەیەوە ئەگەر ئەزمـوونی مانـدێلا لە گـێڕانەوەی جۆناثـان پـاوڵ و پرۆسـەی ئاشـتی ئـاپۆ لە ئیمـڕاڵی لە تەنیشـت یەکـتر بخـوێنینەوە، «زینـدان» تەنهـا شـوێنی دەستبەسـەرکردن و زینـدانی نـامێنێتەوە؛ بەڵکـو دەتوانێـت ببێـتە یەکەم شـوێنی گفتوگـۆ بـۆ ئاشـتی، یەکەم پـرد لەنێـوان دوو لایەنی ناکۆک، و یەکەم هەنگاو لە شەڕ و دوژمنایەتییەوە بەرەو گفتوگۆ و چارەسەری سیاسی.

لە کۆتاییـدا بەڵکـو ئەمە وەڵامـێکی سـادە بێـت بـۆ بـۆ ئەو کەسـانەی کە پرۆسـەی ئاشـتی لەوەدا کورتـدەکەنەوە کە یەکەم بـانگەواز و هـاوار بـۆ ئەم پرۆسـەیە لە زینـدانەوە دەسـتپێکردوە ناکرێـت بە هەند وەربگیرێت.

## بەشی دووەم
## هونەری دانوستان؛ لە کۆتایی جەنگەوە بۆ دەستپێکی ئاشتی

"جیاوازیی سەرەکی لەنێوان دانوستان و یاری شەترەنج ئەوەیە کە لە کردەوەدا، دانوستان هیچ یاسایەکی جێگیر و پێشوەختەی نییە، جگە لەو یاسایانەی کە یەکێک لە لایەنەکان بتوانێت بەسەر پرۆسەکەدا بسەپێنێت[2]".

مێژووی جەنگە درێژخایەنەکان تەنها مێژووی خوێن ڕشتن و پێکدادانی هێزە دژ بەیەکەکان نییە؛ بەڵکو مێژووی گەڕانیشە بەدوای ئەو ساتەی هێزەکان لە مەیدانی جەنگ دەگەڕێنەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ. هەر جەنگێک، هەرچەندە بە هەموو توانای خۆیەوە درێژ بکرێتەوە، لە کۆتاییدا ڕووبەڕووی پرسیارێک دەبێتەوە کە هیچ چەکێک ناتوانێت وەڵامی بداتەوە ئەویش پرسیاری : چۆن کۆتایی بە جەنگ بهێنین؟
ئەم ساتە تەنها کۆتایی هێنان بە شەڕ نییە؛ بەڵکو دەستپێکی گۆڕان و قۆناغێکی نوێی سیاسییە. لەوێدا، پرسیاری "کێ شەڕەکە دەباتەوە؟" دەگۆڕێت بۆ "چۆن دەتوانین لەگەڵ یەکدی بژین؟". چونکە جەنگ دەتوانێت هێزەکان بگۆڕێت، دوژمن لاواز بکات، هاوسەنگییە سیاسییەکان بگۆڕێت و تەنانەت دۆخی ناوچەیەک بە تەواوی بگۆڕێت؛ وەلێ بە تەنیا ناتوانێت ئەو کێشە سیاسییە بنەڕەتییە چارەسەر بکات کە لە بنەڕەتدا هۆکاری هەڵگیرسانی شەڕ و پێکدادان بووە.

بەم مانایە، مێزی دانوستان دەبێتە جێگای مەیدانی جەنگ، وشە و گفتوگۆ دەبنە بەدیل و ئەڵتەرناتیڤی چەک. بەڵام گواستنەوە لە مەیدانی شەڕەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ، هەرگیز کارێکی ئاسان نییە، بەڵکو ڕێگەیەکی کاکی بە کاکییە و پڕە لە هەڵکشان و داکشان. پرۆسەیەکە پێویستی بەوەیە لایەنەکان، لەگەڵ هەموو دوژمنکاریی، بێ متمانەیی بەیەکدی و بیرەوەرییە ناخۆشەکانی ڕابردوویان، بتوانن یەکدی نەک تەنها وەک "دوژمن"، بەڵکو وەک بەرامبەرێک ببینن .بەرامبەرێک کە دەبێت لەگەڵیدا قسە بکرێت و چارەسەرێک بۆ داهاتووی هەردوولا پێکەوە بدۆزرێتەوە. بە مانایەکی دیکە، خودی "دوژمنکاری" تەنها لە کرداردا نییە؛ بەڵکو پەیوەندییەکی زۆری بەو چاویلکەیەوە هەیە کە لە ڕێگەیەوە سەیری بەرامبەرەکەمان دەکەین. ئەو کەسەی لە چاوی تۆوە "شەڕڤانی ئازادییە"ە، لە چاوی بەرامبەرەکەتەوە"دوژمنەکەتەوە"بە "تیرۆریست"

[2] گوتەی (دامیەن کینگزبووری)ە، ڕاوێژکاری سیاسیی ئەو بزوتنەوەیە بوو لە دانوستانەکانی ئاشتیی هێلسینکی لە ساڵی ٢٠٠٥، کە لە کۆتاییدا بە ڕێککەوتنی ئاشتی نێوان حکومەتی ئیندۆنیزیا و GAM گەیشت.
بە واتایەکی ڕوونتر، لە شەترەنجدا هەردوو یاریزان پابەندی کۆمەڵێک یاسای دیاریکراون؛ بەڵام لە دانوستاندا، یاسا و سنوورەکانی یاری زۆرجار خۆیان بەشێک لە ململانێکەن و لایەنە بەهێزترەکان دەتوانن هەندێک مەرج و سنوور بەسەر پرۆسەکەدا بسەپێنن.
لەبەر ئەمە، دانوستان تەنها هونەری گەیشتن بە سازان نییە؛ بەڵکو تێکەڵەیەکە لە هێز، ستراتیژی، متمانەسازی و توانای دانانی یاسا و چوارچێوەی گفتوگۆ.

دەبینێت؛ و ئەوەی بۆ تۆ "داواکاریی ماف"ە، بۆ ئەوی بەرامبەر و دوژمن "هەڕەشەیە بۆ یەکپارچەیی و سەقامگیریی وڵات".

ئەگەر ئەم هاوکێشەیە لە پەیوەندیی نێوان دەوڵەتی تورکیا و بزوتنەوەی پەکەکەدا تەماشا بکەین، ئەوا جیاوازیی دوو چاویلکەکە بە ڕوونی دەردەکەوێت .لە چاویلکەی زۆرێک لە کوردەوە، خۆمان بە خاوەنی ماف دەبینین و بەرخودان و خەبات بۆ ئازادی و مافە نەتەوەییەکانمان بە بەشێک لە مێژووی خەباتی کورد دەزانین؛ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی بە تایبەتی لە قۆناغە سەرەتاییەکانی خەباتی ئۆجەلان، پێش دەستگیرکردن و زیندانیکردنی ئامانجی گەورەی بزوتنەوەکە بوو. لە بەرامبەردا، لە چاویلکەی دەوڵەتی تورکیایەوە، هەمان بەرخودان و داواکاریی مافە سیاسی و یاساییەکان، پێش و دوای زیندانیکردنی ئۆجەلان، بە شێوەیەکی جیاواز لێکدراونەتەوە؛ پەکەکە نەک بە بزوتنەوەیەکی خاوەن ماف بەڵکو، بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ناسێنراوە و ئەندام و چەکدارەکانی بە "تیرۆریست" ناوبراون ئەمیش هەر لە سەر ئاستی تورکیادا نا بەڵکو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی[3].

ئەم جیاوازییە لە ناوناندا، تەنها جیاوازیی وشە نییە؛ بەڵکو جیاوازییە لە شێوازی تێگەیشتن لە ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو. هەربۆیە یەکێک لە قورسترین هەنگاوەکانی هەر پرۆسەیەکی ئاشتی ئەوەیە کە بتوانیت لەگەڵ ئەو کەسە قسە بکەیت کە ساڵانێک لە دژی تۆ وەستاوە؛ ئەوەی دوژمنی تۆ بووە، لەگەڵ تۆ شەڕی کردووە و لە هەردوو لاوە ئازار و بیرەوەرییە قورسەکان بەجێ ماوە .

لێ ڕاستییەکە ئەوەیە کە ئاشتی لەو ساتەوە دەست پێ دەکات کە گفتوگۆکردن لەگەڵ دوژمن دەبێتە هەڵبژاردەیەک. زۆر جار دیمەنەکانی پەرلەمانی تورکیامان بینیوە؛ دیمەنەکانی مشتومڕ، تووڕەیی و ناکۆکی لەسەر پرۆسەی ئاشتی و گفتوگۆ لەبارەی ئۆجەلان .لە دانیشتنی ١٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٥یش، گفتوگۆیەکی توند لەنێوان پەروین بوڵدان و تورهان چۆمەز ڕوویدا. چۆمەز بە وشەیەکی توند ڕووی لە بوڵدان کرد و ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو لەسەر کورسیی

---

[3]ناوزەندکردنی پەکەکە لە ئاستی نێودەوڵەتی و دانانی ناوی ئەم ڕێکخراوە لە لیستی گروپە تیرۆریستییەکان، تەنها کاریگەریی لەسەر شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ پەکەکە و ئەندام و پشتیوانەکانی بە تەنها لە تورکیادا نەبووە؛ بەڵکو لە هەندێک گوتاری سیاسی و ئەمنییدا وای کردووە کە ناوی پەکەکە بە ئاسانی بخرێتە پاڵ ڕووداوە سیاسی و ئەمنییە نادیارەکان، تەنانەت لە کاتی نەبوونی بەڵگەیەکی قایم بۆ بەشداریی ڕاستەوخۆی ئەو ڕێکخراوە. لەم مانایەدا، پەکەکە ببووە جۆرێک لە "قۆچی قوربانی(Scapegoat) " واتە ئەکتەرێک کە بە ئاسانی تاوانی ڕووداوێکی نادیار دەخرێتە پاڵی. یەکێک لە نموونە دیارەکانی ئەم بابەتە، کوژرانی سەرۆکوەزیرانی پێشووی سوید، ئۆڵۆف پالمێ، لە شەوی ٢٨ی شوباتی ١٩٨٦ لە ستۆکهۆڵم .
لە ماوەی لێکۆڵینەوەی درێژخایەنی ئەم کەیسەدا، یەکێک لە تیۆرییەکان پەیوەندیی بە پەکەکەوە دەدا و گومان لە بەشداریی ڕێکخراوەکە لە کوشتنەکە دەکرا؛ بەڵام ئەم گومانە هەرگیز نەبوو بە بەڵگەیەکی دادگایی و قایلکەرەوە دژی پەکەکە.
ئەگەرچی لە ساڵی ٢٠٢٠دا دەسەڵاتە دادوەرییەکانی سوید لێکۆڵینەوەکەیان داخست (ستیگ ئینگستروێم-Stig Engström) یان وەک گومانلێکراوی سەرەکی ناوبرد؛ بەڵام چونکە Engström پێشتر مردبوو، نە دادگایی کرا و نە حوکمێکی دادگایی دژی ئەو دەرچوو. بۆیە، لە ڕووی یاساییەوە کەیسەکە بە حوکمێکی کۆتایی و سەلمێنراوی دادگایی کۆتایی نەهاتووە.

ئەتاتورک دانیشتووە، و لە هەمان کاتدا بە سەردانی ئیمراڵی و گواستنەوەی پەیامەکانی ئۆجەلانەوە، ڕەخنەی توندی ئاراستەی کرد.

بوڵدانیش بەبێ ئەوەی لە توندیی قسەکەی چۆمەز بترسێت، وەڵامێکی ڕوون و قایمی دایەوە؛ ئەوەی ئەو دەیکات، بۆ سادەکردنەوەی ڕابردوو یان پشتگوێخستنی ئازارەکانی نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە ڕێگایەک بۆ داهاتوو و بۆ ئاشتی بکرێتەوە. ئەم دیمەنە لە پەرلەماندا تەنها مشتومڕێکی سیاسی نەبوو؛ بەڵکو وێنەیەکی بچووکی ئەو ڕاستییە گەورەیە بوو کە هەر پرۆسەیەکی ئاشتی لەگەڵیدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە :چۆن دەتوانیت لەگەڵ کەسێک گفتوگۆ بکەیت کە ڕابردووتان لەگەڵ یەکدی پڕە لە شەڕ، کوشتار و خوێن ڕشتن؟

هەڵبەت ناونان و پۆلێنکردنی کەس و ڕێکخراوەکان هەمیشە شتێکی جێگیر نییە .ماندێلا، کە خۆی ساڵانێک لە زیندان بەسەر برد، لە ساڵی ٢٠٠٠ لە بەرنامەی Larry King Live باس لە گۆڕانی ئەو ناونانە سیاسییە کرد و وتی: "دوێنێ پێیان دەگوتم تیرۆریست؛ بەڵام کاتێک لە زیندان هاتمە دەرەوە، زۆر کەس پێشوازییان لێم کرد، لەوانەش دوژمنەکانم".

ئەم گوتەیەی ماندێلا ئەوەمان بیر دەخاتەوە ئەوەی ئەمڕۆ بە ناوی "دوژمن «یان» تیرۆریست" دەناسرێت، دەشێت لە داهاتوودا ببێتە بەشێک لە پرۆسەیەکی سیاسی و ئاشتی. ئەمە بە مانای لەبیرکردنی تاوان و ڕابردوو نییە؛ بەڵکو مانای ئەوەیە کە ڕابردوو نابێت هەمیشە داهاتوومان دیاری بکات.

لە کۆتاییدا، ئێمە تەنها دوو ئامرازی سەرەکیمان هەیە: یان شەڕکردن یان گفتوگۆکردن. سەرکردەکان بەرپرسیارن لەوەی لە وانەکانی مێژوو فێربن و هەموو ئەو ڕێگایانە تاقی بکەنەوە کە دەتوانێت لە دووبارەبوونەوەی زیان و لەدەستدانی بێهۆی زیانەکان ڕێگری بکات. چونکە پشتگوێخستنی ئەو ڕێگایەی کە دەتوانێت شەڕ کۆتایی پێبهێنێت، لەوانەیە زیانێکی دیکەی مێژوویی بێت. ئاشتی بە لێبوردن لە ڕابردوو بەدەست نایەت؛ بە هەڵوێستێکی هۆشیارانە،ووردبین و ستراتیژیک بەرامبەر داهاتوو بەدەست دێت.چونکە ئامانجی گفتوگۆ ئەوە نییە ڕابردوو بسڕێتەوە یان مێژوو بگۆڕێت؛ بەڵکو ئامانجی سەرەکیی ئەوەیە ڕێگە لە بەردەوامبوونی خوێنڕشتن بگرێت و نەوەکانی داهاتوو ناچار نەکات میراتگریی شەڕ و ناکۆکییەکانی ئەمڕۆبن . لەوانەیە هەر ئاشتییەکی ڕاستەقینە لەو ساتەوە دەست پێ بکات کە مرۆڤ، دوژمنەکەی تەنها وەک "دوژمن" نەبینێت، بەڵکو وەک ئەو بەرامبەرەی ببینێت کە ناچارە بۆ دروستکردنی داهاتوو لەگەڵیدا گفتوگۆ بکات. لێرەدا دانوستان لە ئاستی قسەکردن و سازان تێدەپەڕێت و دەگۆڕێت بۆ هونەر و زانستی دروستکردنی ڕێگایەکی هاوبەش بۆ داهاتوو.

لە ڕوانگەی جۆناثان پاوڵەوە، دانوستان تەنها هونەری قسەکردن، مامەڵەکردن یان گەیشتن بە سازان نییە؛ بەڵکو هونەری دروستکردنی ئەو دۆخە سیاسی و ئەمنییەیە کە دوژمنانی پێشووتر

بتوانن، دوای ساڵانێک لە ڕووبەڕووبوونەوە، لەسەر مێزی دانوستان دابنیشن و لەبری بەردەوامکردنی گفتوگۆ لەسەر ڕابردوو، دەست بکەن بە دانان و گفتوگۆکردن لەسەر داهاتوو. بەم مانایە، دانوستانکار تەنها چارەسەری ناکۆکییەکە نییە؛ بەڵکو دەبێت مەرج و ژینگەی سیاسیی پێویست بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکە دروست بکات.

پاوڵ بۆ ڕوونکردنەوەی قورسایی و ئاڵۆزیی پرۆسەکانی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاماژە بە وتەیەکی بەناوبانگی شیمۆن پێرێس دەکات :"هەواڵی باش ئەوەیە کە لە کۆتایی تونێلەکەدا ڕووناکی هەیە؛ هەواڵی خراپ ئەوەیە کە هیچ تونێلێکمان نییە". مەبەستی پێرێس ئەوەیە کە لایەنەکان لەوانەیە تا ڕادەیەکی زۆر بزانن ڕێککەوتنی کۆتایی چ شێوەیەکی دەبێت، بەتایبەتی لە بابەتە هەستیارەکانی وەک خاک و سنوور، پەنابەران و پرسی قودس؛ بەڵام کێشەی سەرەکی لە ناسینەوەی "ئامانج"دا نییە، بەڵکو لە نەبوونی ڕێگایەکی کرداری، هەنگاوبەهەنگاو و جێگیر بۆ گەیشتن بەو ئامانجەدایە.

لەو بارودۆخە ئاڵۆزانەدا، ئەرکی سەرەکیی دانوستانکار ئەوە نییە تەنها لەسەر شێوەی ڕێککەوتنی کۆتایی گفتوگۆ بکات؛ بەڵکو دەبێت ئەو "تونێلە" دروست بکات کە لایەنەکان بتوانن بە هەنگاوە بچووک، بەردەوام و پشتڕاستکراوەکاندا تێیدا پێشبکەون. ئەم ڕێگایە دەبێت بتوانێت متمانە دروست بکات، ترس و گومان کەم بکاتەوە و هەر ناکۆکییەکی نوێ بە هۆیەکی وەستاندنی تەواوی پرۆسەکە نەگۆڕێت. بەم پێیە، پێش ئەوەی لایەنەکان بتوانن بە "ڕووناکیی کۆتایی تونێل" بگەن، پێویستە سەرەتا خۆی تونێلەکە دروست بکرێت؛ چونکە لە پرۆسەی ئاشتییەکی جێگیر، ڕێگای گەیشتن بە ئامانج هێندەی خودی ئامانجەکە گرنگە.

پاوڵ ئەم تێگەیشتنە تەنها لە کتێب و تیۆرییەوە وەرینەگرتووە .ئەزموونی ئەو لە پرۆسەی ئاشتیی ئیرلەندا، و دواتر بەشداریی لە هەوڵەکانی دانوستانی نێوان کورد و تورکیا لە ساڵانی ٢٠١٣ و ٢٠١٥، وای کردووە بە نزیکەوە ببینێت کە دانوستان چۆن لە نێوان دوژمنایەتی و متمانە، لە نێوان ترس و هیوا، و لە نێوان جەنگ و ئاشتی ڕێگای خۆی دەدۆزێتەوە .

ساڵانی ٢٠١٣ و ٢٠١٥، بەشێکن لە بیرەوەریی سیاسیی پرۆسەی دانوستانی کورد و تورکیا؛ قۆناغێک کە هیوای گەیشتن بە چارەسەرێکی سیاسی بۆ کێشەی کورد، و گەڕان بەدوای ڕێگایەکی نوێ بۆ کۆتاییهێنان بە چەندین دەیەی ململانێ، بۆ ماوەیەک بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی کرد و دواتریش شکستی هێنا. ئەزموونی پاوڵ لەو پرۆسەیەدا ئەوەیە کە دانوستان لە ئاستی وشە و پەیامە سیاسییەکان دەردەهێنێت و دەیخاتە ناو جیهانی واقعیی متمانەسازی، هەنگاو بە هەنگاو، و حسابکردنی هەموو وشە و هەموو هەنگاوێکی سیاسی.

لە دیدی پاوڵەوە، دانوستان بە مانای پەسەندکردنی دوژمن نییە؛ بە مانای لەبیرکردنەوەی ڕابردوو نییە؛ و وەکچۆن بە مانای دەستبەرداربوون لە بنەما و مافە سیاسییەکانیش نییە. دانوستان، لە قووڵترین ماناکەیدا، داننانە بەو ڕاستییەی کە هەندێک کێشەی سیاسی بە هێزی چەک چارەسەر نابن، و ئەوەی جەنگ نەیتوانیوە بەدەستی بهێنێت، دەکرێت لە ڕێی

سیاسەتەوە چارەسەر بکرێت.لێرەدا ئەزموونی جۆناثان پاوڵ دەبێتە پەنجەرەیەک بۆ تێگەیشتن لە هونەری دانوستان. پاوڵ، بە پشتبەستن بە ئەزموونی پرۆسەی ئاشتیی ئیرلەندا و کارکردن لەگەڵ لایەنە چەکدارەکان، لە بنەڕەتدا باسی ڕاستییەکی سادە دەکات کە زۆرجار لە سیاسەتدا پەسەندکردنی قورسە ئەویش گەر نەتوانیت دوژمنەکەت لەناوببەیت، لە کۆتاییدا دەبێت فێری ئەوە بیت چۆن لەگەڵی قسە بکەیت. لێرەدا دانوستان، بە مانای تەسلیمبوون یان کورد واتەنی بە مانای ئاشبەتاڵ نییە؛ وەکچۆن پەسەندکردنی دوژمن نییە؛ پشتکردن لە مافەکان نییە. بەڵکو، دانوستان لە سادەترین پێناسەیدا ناسینەوەی ئەو سنوورەیە کە هێز لەوێدا کۆتایی دێت و سیاسەت دەبێت کاری خۆی بکات.

بۆیە پرسیاری سەرەکی لە هەر پرۆسەیەکیی ئاشتی ڕاستەقینەدا ئەوە نییە کە "ئایا دەبێت دانوستان بکەین؟"؛ بەڵکوو پرسیارەکە ئەوەیە:کەی دەبێت دانوستان دەست پێ بکات؟ چۆن دەبێت بەردەوام بێت؟ چۆن دەتوانێت لە گفتوگۆوە بگاتە ڕێککەوتن؟

ئەم پرسیارانە بۆ کورد و تورکیا تەنها پرسیاری ئەمڕۆ نین؛ بارێکی مێژوویی و ساڵانێک لە خوێن ڕشتن و خەباتکردن لە پشتەوەیانە. لە پشت هەر وشەیەکی دانوستان، دەیان ساڵ ململانێ، قوربانی، بێمتمانەیی، زیندان، ئاوارەیی و شکستی هەوڵەکانی پێشوو هەیە. لەبەر ئەوە، هەر هەنگاوێک بەرەو گفتوگۆ، تەنها هەنگاوێکی دیپلۆماسی نییە؛ بەڵکو هەنگاوێکە لە دنیای جەنگ بەرەو دنیای سیاسەت.

ئەمڕۆ، کاتێک پرۆسەیەکی نوێ لە نێوان کورد و تورکیا جارێکی تر بووەتە بابەتی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندنی سیاسی، ئەزموونی ساڵانی ٢٠١٣ تا ٢٠١٥ ناتوانرێت لەبیر بکرێت. ئەو ئەزموونە تەنها پەڕەیەک لە کتێبی مێژوو نییە؛ بەڵکو وانەیەکی زیندووە لەسەر ئەوەی پرۆسەی ئاشتی چۆن دەست پێ دەکات، چۆن متمانە دروست دەبێت، لە کوێدا لاواز دەبێت و لە هەموو شتێک گرنگتر، چۆن دەتوانین لە هەڵەکانی ڕابردوو فێر بین. چونکە ئاشتی تەنها بە بێدەنگبوونی چەکەکان دروست نابێت. بێدەنگبوونی چەکەکان دەتوانێت دەستپێکی ئاشتی بێت، بەڵام ئاشتیی ڕاستەقینە ئەو کاتە دەست پێ دەکات کە لایەنەکان بتوانن لە پشت دیواری بێ متمانەیی و ترس و بیرەوەرییە ناخۆشەکانی ڕابردووەوە، یەکدی ببینن؛ ئەو کاتەی "دوژمن" هێواش هێواش دەبێتە "بەرامبەر"، ئەو کاتەی پرسیاری "کێ دەباتەوە؟" جێگای خۆی دەدات بە پرسیاری گرنگتر:"چۆن دەتوانین پێکەوە بژین؟".

لەو چوارچێوەیەدا، بۆچوون و ئەزموونی جۆناثان پاوڵ گرنگییەکی تایبەتی هەیە. پاوڵ، کە خۆی لە قۆناغێکدا بەشێک بووە لە پرۆسەی ئاشتیی تورکیا و لەگەڵ بەرپرسانی تورک و نوێنەرانی کورد کۆبووەتەوە، هەوڵی داوە ئەزموونی ئیرلەندا وەک سەرچاوەیەک بۆ تێگەیشتن و ڕێنماییکردنی پرۆسەکە بەکاربهێنێت. بەڵام گرنگترین خاڵ لە دیدگای پاوڵ ئەوەیە کە ئەزموونی ئیرلەندا دەکرێت وەک چرایەک ڕێگا پیشان بدات، بەڵام ناتوانرێت وەک پەکێجێکی ئامادە لە وڵاتێکەوە بخرێتە ناو وڵاتێکی دیکە.

پاوڵ له ساڵی ٢٠١٥، له ئیستانبوڵ به ڕوونی جەختی لەوە کردەوە کە "مۆدێلی ئیرلەندا" ناتوانرێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ تورکیا کۆپی بکرێت؛ چونکە هەر ململانێیەکی سیاسی مێژوو، تایبەتمەندی، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و دینامیکی تایبەتی خۆی هەیە. ئەوەی لە شوێنێک کاریگەریی هەبووە، لە شوێنێکی دیکە پێویستی بە گۆڕانکاری و گونجاندن هەیە.
لە هەمان کاتدا، پاوڵ بەرامبەر پرۆسەی "چارەسەر" لە تورکیا گەشبین بوو و گرنگییەکی زۆری بەوە دەدا کە لایەنەکان لە ئەزموونی یەکدی و لە ئەزموونی ململانێکانی دیکەی جیهان فێرببن، بەڵام چارەسەری کۆتایی لە ناو خودی کۆمەڵگا و مێژووی ئەو وڵاتەوە سەرهەڵبدات. لە ڕوانگەی پاوڵەوە، ئەزموونی ئیرلەندا نابێت ببێتە "مۆدێلێک بۆ کۆپیکردن"، بەڵکو دەبێت ببێتە ئاوێنەیەک بۆ بیرکردنەوە؛ ئاوێنەیەک کە لایەنەکان لە ڕێگەیەوە بتوانن، بزانن چۆن متمانە دروست دەکرێت، چۆن گفتوگۆ لەگەڵ بەرامبەر دەکرێت، چۆن دەتوانرێت لە دوژمنایەتییەکی درێژخایەنەوە بەرەو هاوبەشییەکی سیاسی بڕۆیت، و چۆن هەڵەکانی ڕابردوونەبێتە بەربەستێک بۆ داهاتوو.
پاوڵ بیر و بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە ئەزموونی تورکیا و پرۆسەی ئاشتی لە چەند خاڵێکی سەرەکی کورت کردووەتەوە؛ خاڵگەلێک کە هەر یەکەیان دەتوانێت ببێتە دەستپێک بۆ گفتوگۆیەکی قووڵتر لەسەر ئەوەی لە پرۆسەی پێشوودا چی فێربووین و ئەمجارە چۆن دەتوانین ڕێگایەکی جیاواز بگرین .لێرەدا دید و بۆچوونەکانی پاوڵ لەسەر ئەو ئەزمونە بە چەند خاڵێک دەخەمەڕوو.

### ١-گفتوگۆکانی ئیمراڵی و پرۆسەی چارەسەر

بە ڕای پاوڵ، کێشەی کورد لە تورکیا یەکێکە لەو کێشە درێژخایەن و ئاڵۆزانە کە چارەسەرکردنی بە تەنها بە ئامرازە سەربازی و ئەمنییەکان نەیتوانیوە کۆتایی پێ بهێنێت. ئەم ململانییە لە ماوەی چەند دەیەیەکدا تەنها بە شێوەیەکی سەربازی نەماوەتەوە، بەڵکو ڕەهەندە سیاسی، نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی، دیمۆگرافی و نێودەوڵەتییە جۆراوجۆرەکانی لەخۆگرتووە. بۆیە، تێگەیشتن لە چۆنیەتی دروستبوون و بەردەوامبوونی ئەم ململانییە و هەروەها هەڵسەنگاندنی هەوڵەکانی بۆ چارەسەر پێویستی بە لێکدانەوەی کێشەکە لە چوارچێوەیەکی فراوانتر هەیە.

پاوڵ لە شیکردنەوەی کێشەی کوردی جەخت لەوە دەکاتەوە کە ململانێی نێوان پەکەکە و حکومەتی تورکیا تەنها شەڕێکی سەربازی نییە، بەڵکو پرسیارەکانی ناسنامە، ماف بڕیاری چارەنوس (self-determination) بەشێکی گرنگ لە بنەمای ئەم ناکۆکییە پێک دەهێنن. لە ڕوانگەی ئەوەوە، ئەم ململانێیە دەتوانرێت لە چوارچێوەی ناکۆکی جیابوونەوەیی (secessionist conflict)تێبگەین؛ چونکە لە مێژووی ئەم کێشەیەدا پرسیاری ناسنامەی کوردی و داواکارییە سیاسییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو ڕۆڵیان هەبووە.

لەگەڵ ئەمەشدا، پاوڵ لە شیکردنەوەی هۆکارەکانی بەردەوامبوونی کێشەی کورد لە تورکیا، تەنها بە فاکتەری سیاسی و سەربازی نەوەستاوە، بەڵکو پێکهاتەی دیمۆگرافیی کۆمەڵگاش وەک یەکێک لە فاکتەری کاریگەرەکان دەخاتەڕوو. ئەو، بە پشتبەستن بە هەندێک توێژینەوەی ئەکادیمی، باسی دیاردەی «زۆربوونی گەنجان» (Youth Bulge) دەکات و ئاماژە بەوە دەدات کە لە ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا، بەتایبەتی لەنێوان پیاوانی تەمەن ١٥ تا ٢٩ساڵ، رێژەی گەنجان بەرز بووە. لە هەندێک لێکۆڵینەوەدا، پەیوەندییەکی مێژوویی لەنێوان بەرزبوونەوەی رێژەی ئەم گرووپە تەمەنییە و ئەگەری سەرهەڵدان و بەردەوامبوونی توندوتیژی و شۆڕشە چەکدارەکاندا دانراوە. بەپێی ئەم ڕوانگەیە، پێکهاتەی دیمۆگرافی، بەتایبەتی کاتێک لەگەڵ بێکاری، هەژاری، کەمیی دەرفەت و فاکتەری سیاسییەوە کۆ دەبێتەوە، دەتوانێت بوارێک بۆ درێژبوونەوەی ناکۆکی دروست بکات.

بەڵام، ئەم ڕاڤەکردنە پێویستی بە هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانە هەیە؛ چونکە گەنجبوون بە خۆی ناتوانێت هۆکاری ڕاستەوخۆی بەرخودان، توندوتیژی یان بەردەوامبوونی بزوتنەوەیەکی سیاسی بێت. ئەگەر تەنها زۆربوونی گەنجان و دۆخی ئابووری بەس بێت بۆ ڕوونکردنەوەی سەرهەڵدانی خەبات، ئەوا دەبوو هەموو کۆمەڵگایەک کە رێژەی گەنجانی تێدا بەرزە و بێکارییەکی بەرزی هەیە، بە هەمان شێوە ڕووبەڕووی خەبات و توندوتیژی ببێتەوە؛ بەڵام ئەمە لە ڕاستیدا وا نییە. بۆیە، «زۆربوونی گەنجان» دەتوانێت فاکتەرێکی لاوەکی بێت، بەڵام ناتوانرێت وەک هۆکاری سەرەکی و سەربەخۆی ناکۆکی لێک بدرێتەوە.

لە مێژووی بزوتنەوەی کوردی لە تورکیاشدا، بەشداریی گەنجان و هێزی بەرخودان تەنها بە دۆخی ئابووری و نەبوونی دەرفەتی کار لێکنادرێتەوە. بەڵکو ئەم بەشدارییە لە چوارچێوەی کۆمەڵێک فاکتەری قووڵتر، وەک **ناسنامە، هەستی بەرپرسیاریی کۆمەڵایەتی، ئەزموونی مێژوویی، بیرکردنەوەی سیاسی و باوەڕ بە ماف و مافی دیاریکردنی چارەنووس**، شێوەی گرتووە. ئەمەش واتە گەنجی بەشدار لە بزوتنەوەکە نابێت تەنها وەک تاکێک ببینرێت کە لەبەر بێکاری یان نەبوونی دەرفەتی ئابووری ڕوو لە خەبات کردووە؛ بەڵکو دەبێت وەک ئەکتەرێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی تێبگەین کە هەڵوێستەکەی لە پەیوەندییەکی ئاڵۆز لەنێوان ناسنامە، باوەڕ، ئەزموونی مێژوویی و داواکارییە سیاسییەکاندا دروست دەبێت.

هەربۆیە، فاکتەری دیمۆگرافی دەتوانێت لە شیکردنەوەی پاوڵدا وەک **مەرجێکی لاوەکی و یارمەتیدەر بۆ مەترسیی هەڵکشانی ناکۆکی** گرنگ بێت، بەڵام نابێت ببێتە ڕاڤەکاریی تەواو بۆ کێشەیەکی گەورەی وەک کێشەی کورد یاخود هێزی بەرخودان و بەردەوامیی بزوتنەوەکە. ڕاڤەکردنی ئەم دیاردەیە پێویستی بە تێڕوانینێکی چەند فاکتەری هەیە؛ تێڕوانینێک کە دیمۆگرافی لەگەڵ فاکتەری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ناسنامەیی و مێژوویی لە یەک چوارچێوەدا کۆبکاتەوە. لەم ڕوانگەیەوە، گرنگترین پرسیار تەنها ئەوە نییە کە «چەند گەنج هەیە و چەند

بێکاری هەیە؟»، بەڵکو ئەوەیە کە **گەنجان لە چ جۆرە ژینگەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە هەست بە ناکۆکی و نادادپەروەری دەکەن، چۆن ناسنامە و باوەڕەکانیان شێوە دەگرێت، و چی وای لێ دەکات بەرخودان و بەشداریی سیاسی وەک هەڵبژاردەیەکی مانادار ببینن؟**

لە نێوان ڕووداوە گرنگەکانی مێژووی ئەم ململانێیەدا، پاوڵ گرنگییەکی تایبەت بە دەستگیرکردنی عەبدوڵلا ئۆجەلان لە کینیا لە ساڵی ١٩٩٩ دەدات. بەڕای ئەو، دەستگیرکردنی سەرکردەیەکی کاریزماتیکی وەک ئۆجەلان توانای ئەوەی هەبوو بۆ ماوەیەکی کاتی ئاستی توندوتیژی و پێکدادانەکان کەم بکاتەوە، بەڵام نەیتوانی بە تەواوی کۆتایی بە ململانێی چەکداری بهێنێت. ئەمەش نیشان دەدات کە چارەسەرکردنی کێشەکە بە تەنها لە ڕێگەی لاوازکردن یان هەڵوەشاندنەوەی سەرکردایەتی PKK و دەستگیرکردنی ئۆجەلانەوە دەستەبەر نابێت؛ بەڵکو پێویستی بە پرۆسەیەکی سیاسی و گفتوگۆیی هەیە کە بتوانێت لەگەڵ هۆکار و بنەما سەرەکییەکانی ململانێیەکە مامەڵە بکات.

لەو چوارچێوەیەدا، گفتوگۆ لەگەڵ ئۆجەلان لە زیندان لە دوورگەی ئیمراڵی گرنگییەکی تایبەتی هەبوو. ئەم هەوڵانە دواتر بوونە بەشێک لە پرۆسەیەکی سیاسی کە لە مێژووی نوێی تورکیا بە "پرۆسەی چارەسەر(Solution Process)"ناسراوە. بە تایبەتی لە ساڵانی ٢٠١٣ تا ٢٠١٥، یەکێک بوو لە گرنگترین هەوڵەکانی حکومەتی تورکیا بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی سیاسی بۆ کێشەی کوردی. لە ماوەی ئەم پرۆسەیەدا، گفتوگۆ و هەوڵەکانی ئاشتی لە نێوان حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بە شێوەیەکی دیار بەردەوام بوون. هەرچەندە ئەم پرۆسەیە لە کۆتاییدا نەگەیشتە چارەسەرێکی بەردەوام، بەڵام گرنگییەکەی لەوەدایە کە نیشانی دا کێشەیەکی درێژخایەن و ئاڵۆز وەک کێشەی کوردی، تەنها بە ئامرازە سەربازییەکان چارەسەر نابێت؛ بەڵکو پێویستی بە پرۆسەیەکی سیاسی، گفتوگۆ، دروستکردنی متمانە و مامەڵەکردن لەگەڵ بنەما و داواکارییە سەرەکییەکانی ململانێکە هەیە.

### ٢- ڕۆڵی دیاسپۆرای کورد لە پرۆسەی گفتوگۆ

پاوڵ لە شیکردنەوەی خۆیدا ئاماژە بە ڕۆڵ و کاریگەریی دیاسپۆرای کورد لە ئەورووپادا دەکات. بە پێی باسەکەی، هەندێک لە سەرکردە و نوێنەرانی دیاسپۆرای کورد لەگەڵ حکومەتی تورکیا پەیوەندی و گفتوگۆی جۆراوجۆریان هەبووە. ئەمە نیشان دەدات کە دیاسپۆرا تەنها کۆمەڵێک کۆمەڵگەی نەتەوەیی لە دەرەوەی وڵات نییە، بەڵکو لە هەندێک بارودۆخی سیاسی و بە تایبەتی لە ململانێی چەکداردا، دەتوانێت ببێتە کەناڵێک بۆ پەیوەندیکردن و نزیککردنەوەی دیدگا جیاوازەکان.
لە ڕوانگەی پاوڵەوە، ئەم نموونەیە بە شێوەیەکی گشتی ئەو بیرۆکەیە پشتڕاست دەکاتەوە کە دیاسپۆراکان دەتوانن ببنە "دەرگای پێشەوە" بۆ گەیشتن بە گرووپە چەکدارەکان. واتە، لەو

بارودۆخانەی کە حکومەت یان لایەنێکی سیاسی بە شێوەی ڕاستەوخۆ ناتوانێت پەیوەندییەکی کاریگەر لەگەڵ گرووپێکی چەکدار دابمەزرێنێت، کەسایەتی یان دامەزراوەکانی پەیوەست بە دیاسپۆرا دەتوانن ڕۆڵی کەناڵێکی ناڕاستەوخۆ بۆ گەیاندنی پەیام، دروستکردنی پەیوەندی و دەستپێکردنی گفتوگۆ بگێڕن. بەم شێوەیە، دیاسپۆرا دەتوانێت لە هەندێک پرۆسەی چارەسەری ململانێدا، نەک تەنها وەک بەشدارێکی سیاسی، بەڵکو وەک پەیوەندیکەر و هاوبەشی پرۆسەی گفتوگۆش کار بکات.

**٣- ڕووداوەکەی قەندیل و مەترسییەکانی ناوبژیوانان**

یەکێک لە نموونە گرنگەکانی پاوڵ بۆ ڕوونکردنەوەی مەترسی و ئاڵۆزییەکانی ناوبژیوانی لە ململانێیە چەکدارەکاندا، سەردانی گرووپێک لە ناوبژیوان و ڕێکخەرانی نێودەوڵەتییە بۆ ناوچەی قەندیل لە باکووری عێراق، کە لەو سەردەمەدا شوێنی بوونی بەشێک لە سەرکردایەتیی PKK بوو.

بەپێی باسەکەی پاوڵ، لە ماوەی مانەوەی ناوبژیوانەکان لە کەمپەکەدا هیچ ڕووداوێکی هەڕەشەئامێز یان پێکدادانێکی ئەمنی ڕووینەدا. بەڵام کەمێک دوای جێهێشتنی ناوبژیوانەکان، شوێنی کەمپەکە لەلایەن هێزی ئاسمانییەوە چاودێری کرا و دواتر بۆمباران کرا، کە لە ئەنجامی ئەو هێرشەدا شەش کەس لە گەریلاکانی PKK گیانیان لەدەست دا.

ئەم ڕووداوە بە شێوەیەکی ڕوون ئاڵۆزی و مەترسییەکانی کاری ناوبژیوانی لە ململانێی چەکداردا دەخاتەڕوو. ناوبژیوانی تەنها بە دروستکردنی پەیوەندی و متمانە لەنێوان لایەنەکان کۆتایی نایەت؛ بەڵکو پێویستی بە هەڵسەنگاندنی وردی بارودۆخی ئەمنی، سیاسی و ستراتیژیی ناوچەکەش هەیە. بۆیە، ناوبژیوان دەبێت لە هەموو هەنگاوێکدا هەستیارییەکانی ململانێیەکە و ئەگەری کاریگەرییە ناخوازییەکان لەسەر ئەمنیی خۆی و لایەنەکانی دیکە لەبەرچاو بگرێت.

لە ڕوانگەی پاوڵەوە، ئەم نموونەیە نیشان دەدات کە ناوبژیوانی لە ململانێی سیاسی نێوان بزوتنەوەیەکی چەکدار و حکومەتدا کارێکی سادە و ئاسان نییە؛ چونکە ناوبژیوان دەبێت لە نێوان پێویستیی دروستکردنی متمانە و پاراستنی بێلایەنی، لە هەمان کاتدا هەستیارییە ئەمنی و سیاسییەکانی ناوچەکە بەڕێوە ببات. هەر هەڵەیەک لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخدا دەتوانێت نەک تەنها پرۆسەی ناوبژیوانی، بەڵکو ئەمنیی ناوبژیوانەکان و متمانەی لایەنەکانیش بخاتە مەترسییەوە. لە چوارچێوەی باسکردنی بەردەوامیی پرۆسەی ئاشتی و ڕۆڵی ناوبژیوانە دەرەکییەکاندا، پاوڵ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ناوبژیوانە لایەنە سێیەمەکان، وەک نەتەوە یەکگرتووەکان، حکومەتە بیانییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان، دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ لە دروستکردنی متمانە، نزیککردنەوەی لایەنە ناکۆکەکان و پاراستنی کەناڵەکانی گفتوگۆ بگێڕن؛ بەڵام ناتوانن لە دەرەوە ئاشتییەکی بەردەوام دروست بکەن. لەم ڕوانگەیەوە، مارتتی ئەهتیساری، ناوبژیوانی ناسراو و خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی، هەمان بیروبۆچوونی هەیە و پێوایە کە پشتبەستنێکی زۆر بە ناوبژیوانە دەرەکییەکان دەتوانێت «خاوەندارێتیی لایەنەکانی ناکۆکی بەسەر

پرۆســـەکە» لاواز بکــات و ئەو تێگەیشـــتنە هەڵەیە بەهــێز بکــات کە گــوایە ئاشـــتی شـــتێکە کە لە دەرەوەوە دێت و دەتوانرێت بۆ کۆمەڵگا بهێنرێت.

ئەم تێڕوانیـــنە لەگەڵ بۆچـــوونی ئـــاپۆیش هـــاوتەریبە؛ ئەو جەخـــت لەوە دەکـــاتەوە کە **«تەنهـــا جەنگـــاوەران دەتـــوانن ئاشـــتی دروســـت بـــکەن؛ تەنهـــا ئەوانەی بەرپرســـیاری جەنـــگ و هەڵگیرســـاندنی جەنگـــن، دەتـــوانن بەرپرســـیاری ئاشـــتی بـــن و دانوســـتانی ئاشـــتی بـــکەن.»** بەم مانــایە، بەرپرســـیاریی ســـەرەکیی چارەســـەرکردنی نــاکۆکی دەبێــت لەســـەر شــانی لایەنە ســـەرەکییەکان بێــت؛ چــونکە نــاوبژیوان دەتوانێــت ڕێگــا خــۆش بکــات و متمــانە دروســت بکــات، بەڵام ناتوانێــت جێگەی ویستی سیاسی، سازش و بڕیاری ئەو لایەنانە بگرێتەوە.

لە ئەنجامــدا، ســـەرکەوتنی پرۆســـەی ئاشـــتی نە بەبـــوونی نـــاوبژیوانێکی دەرەکی بە تەنیـــا، بەڵکـــو بە **کـــۆکردنەوەی سێ تـــوخم** پەیوەســـتە: یەکەم، خاوەنـــدارێتی و بەرپرســـیاریەتیی خـــودی لایەنە ناکۆکیـــدارەکان؛ دووەم، نـــاوبژیوانی و ئاســـانکاریی دەرەکی بـــۆ دروســـتکردنی ژینـــگەی گونجـــاو بـــۆ گفتوگـــۆ؛ و ســـێیەم، دامەزرانـــدنی میکـــانیزمە یاســـایی و دامەزراوەییەکـــان بـــۆ پاراســـتنی بەردەوامـــیی پرۆســـەکە. ئەگەر ئەم سێ ئاســـتە بتـــوانن بە یەکەوە کـــار بـــکەن، پرۆســـەی ئاشـــتی تەنهـــا بە ڕێککەوتنـێکی کـاتی سـنووردار نابێـت، بەڵکـو دەتوانێـت بگۆڕێـت بـۆ پرۆسـەیەکی سیاسـیی بەردەوام کە توانای مامەڵەکردن لەگەڵ قەیران و بەربەستە نوێیەکانیش هەبێت.

### هۆکارەکانی شکستی پرۆسەی "چارەسەر" ئاشتی لە ساڵانی ٢٠١٣ و ٢٠١٥ لە دیدی جۆناثان پاوڵ

بە گشتی، بۆچوونەکانی پاوڵ ئەوە نیشان دەدەن کە کێشەی کورد لە تورکیا تەنها بە ڕوانگەیەکی سەربازی یان ئەمنییەوە ناتوانرێت لێک بدرێتەوە؛ بەڵکو ململانێیەکی ئاڵۆز و فرە ڕەهەندە کە ڕەهەندە سیاسی، نەتەوەیی، دیمۆگرافی و نێودەوڵەتییەکانی لەخۆ دەگرێت. لەبە ئەمەش، هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە پێویستی بە کەناڵە جۆراوجۆرەکانی گفتوگۆ و پەیوەندی هەیە. گفتوگۆکانی ئیمرالی، ڕۆڵی دیاسپۆرای کورد و هەوڵەکانی ناوبژیوانی لە قەندیل، هەموویان نموونەی ئەوەن کە بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی سیاسی، پێویستە پەیوەندی لەگەڵ لایەنە جیاوازەکانی ململانێ دروست بکرێت و هەموو ئەکتەرە سەرەکییەکان لە پرۆسەکەدا بەشداربن.

هەر بۆیە بۆ تێگەیشتن لە شکستی پرۆسەی چارەسەر نێوان کورد و تورکیا، پرسیاری سەرەکی نابێت تەنها ئەوە بێت کە "کێ بەرپرسیار بوو؟"؛ بەڵکو پێویستە پرسیارێکی قووڵتر بکرێت: بۆچی پرۆسەکە نەیتوانی لە قەیرانەکان تێپەڕێت و بگات بە ڕێککەوتنێکی بەردەوام و جێگیر؟

لە ڕوانگەی ئەو ئەزموون و توێژینەوانەی پاوڵ و توێژەرانی دیکە، چەند فاکتەرێک لە شکستی ئەو پرۆسەیەدا ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو:

**یەکەم:** نەبوونی متمانەی تەواو لە نێوان لایەنەکان؛ متمانەیەک کە بنەمای سەرەکیی بەردەوامبوونی گفتوگۆ بێت، جێبەجێکردنی بەڵێنەکان و بەردەوامیی پرۆسەی ئاشتی بێت.
**دووەم:** بەشێکی گرنگی پرۆسەکە بە کەسایەتییە سەرەکییەکان وابەستەبوو، ئەمەیش پرۆسەکەی لە بەرامبەر گۆڕانکارییە سیاسییەکاندا زیاتر لاواز و بێ پارێزگاری کرد.
**سێیەم:** گۆڕانکارییە ناوخۆییە سیاسییەکان و پێشبڕکێی حزبی کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر ئاراستە و چارەنووسی پرۆسەکە دانا .لە هەمان کاتدا، جەنگی سوریا و گۆڕانی هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکە، بارودۆخی سیاسی و ئەمنیی تورکیای بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕی. لە کۆتاییدا، نەبوونی چوارچێوەیەکی بەهێز بۆ پاراستنی پرۆسەکە لە کاتی قەیران، لەگەڵ نەگەیشتن لە گفتوگۆی سەرەتاییەوە بۆ دانوستانێکی ڕاستەقینە، سیستەماتیک و پابەندکەر، پرۆسەکەی زیاتر لە مەترسیی ڕووخان و شکست نزیک کردەوە.
لەو چوارچێوەیەدا، بیرۆکەی "تێکدەرانی پرۆسە(spoilers)"گرنگییەکی تایبەتی هەیە. لە هەر پرۆسەیەکی ئاشتییەکدا، هەندێک لایەن دەتوانن بەهۆی بەرژەوەندییە سیاسی، ئەمنی یان ئایدیۆلۆژیکییەکانیانەوە هەوڵی تێکدانی پرۆسەکە بدەن؛ چونکە لە هەندێک بارودۆخدا، بەردەوامبوونی قەیران بۆیان سودبەخشترە و لەبارترە تا گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی ئاشتی.
هەڵبەت پاوڵ لە سەرەتای پرۆسەکەدا هۆشداریی لە مەترسیی ئەم "تێکدەرانی پرۆسە"دا و جەختی لەوە کردەوە کە نابێت ئەم لایەنانە بتوانن گفتوگۆکە لە ڕێڕەوی خۆی لابدەن. لە دیدی ئەوەوە، پرۆسەکە پێویستی بە پشتگیرییەکی فراوانی سیاسی و میکانیزمێکی باوەڕپێکراو هەبوو بۆ چاودێریکردن و پشتڕاستکردنەوەی هەنگاوەکان و پاراستنی ئاگربەست.
یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی پرۆسەکە ئەوە بوو کە بە تەواوی لە قۆناغی مشتومڕ «talks about talks»ەوە نەگوازرایەوە بۆ دانوستانێکی ڕاستەقینە و سیستەماتیک.گفتوگۆی سەرەتایی دەتوانێت دەرگای پەیوەندی بکاتەوە و ڕێگای تێگەیشتنی نێوان لایەنەکان خۆش بکات، بەڵام بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی بەردەوام، پێویستە ئەم پەیوەندییە بگۆڕدرێت بۆ پرۆسەیەکی ڕوون، هەنگاو بە هەنگاو و پابەندکەر. ئەمەش ئەو خاڵەیە کە لە ئەزموونی پرۆسەی کورد و تورکیا بە تەواوی جێبەجێ نەکرا.
لە هەمان چوارچێوەدا، پاوڵ جەخت لە گرنگیی دامەزراوەیی کردنی پرۆسە دەکات، نەک وابەستەکردنی بە کەسایەتییە تایبەتەکان. ئەو بە تایبەتی بەراوردێک لەنێوان ڕۆڵی خۆی لە پرۆسەی ئیرلەندا و ڕۆڵی هاکان فیدان لە پرۆسەی تورکیا دەکات و ئاماژە بەوە دەدات کە گۆڕانی کەسایەتییە سەرەکییەکان دەتوانێت متمانە و پەیوەندییە دروستکراوەکان لاواز بکات .کاتێک پرۆسەیەک زۆر بە کەسێکی دیاریکراو وابەستە دەبێت، گۆڕینی ئەو کەسە دەتوانێت بە ئاسانی ببێتە هۆی گۆڕینی ئاراستە و شێوازی بەڕێوەبردنی پرۆسەکە.
لەبەر ئەمە، پاوڵ پێی وایە کە پرۆسەیەکی سەقامگیر و بەردەوام نابێت تەنها لەنێوان دوو کەس یان دوو لایەن بەڕێوە بچێت .لە دیدی ئەوەوە، پرۆسەکە پێویستی بە میتۆد و ستراتیژییەکی سێ پایە هەیە؛ بە شێوەیەک کە حکومەت، ئۆجەلان و ڕێکخراوی چەکدار، لەگەڵ لایەنی سیاسیی

کورد، بە شێوەیەکی ڕوون، ڕێکخراو و هاوبەش بەشداری تێدا بکەن. بوونی ئەم جۆرە ستراتیژییەیە دەتوانێت بازنەی گفتوگۆ فراوانتر بکات و پرۆسەکە لە وابەستەبوون بە یەک کەناڵ، یەک کەس یان یەک شێوازی پەیوەندی بپارێزێت.

بۆ ڕوونکردنەوەی گرنگیی بەردەوامی لە پرۆسەی ئاشتی، پاوڵ سوود لە تیۆری "پاسکیل" وەردەگرێت و پرۆسەی ئاشتی بە پاسکیل دەچوێنێت: پاسکیل ئەگەر بوەستێت، دەکەوێت. بە هەمان شێوە، پرۆسەی ئاشتی نابێت بۆ ماوەیەکی درێژ لەنێوان هەنگاوەکاندا بوەستێت؛ چونکە وەستانی گفتوگۆ دەتوانێت متمانەی نێوان لایەنەکان لاواز بکات و هیوای کۆمەڵگا بە سەرکەوتنی پرۆسەکە کەم بکاتەوە. لەبەر ئەمە، بەردەوامی تەنها تایبەتمەندییەکی لاوەکی نییە، بەڵکو خۆی یەکێکە لە مەرجە سەرەکییەکانی سەقامگیری و سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی.
ئەم دیدگایە بەتایبەتی بۆ هەڵسەنگاندنی ئەزموونی پرۆسەی ئاشتیی کورد و تورکیا لە ساڵانی ٢٠١٢–٢٠١٥ گرنگە. بەپێی تۆماری پەرلەمانی تورکیا، گفتوگۆکانی ئیمراڵی لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢ دەستی پێ کرد و ئەو قۆناغە لە ٥ی نیسانی ٢٠١٥دا کۆتایی هات. ئەم ئەزموونە نیشانیدا کە بوونی گفتوگۆ بە تەنهایی بۆ پاراستنی پرۆسەکە بەس نییە؛ بەڵکو پێویستە پرۆسەکە خاوەنی چوارچێوەیەکی ڕوون و دامەزراو بێت کە بتوانێت لە کاتی دروستبوونی ناکۆکی و قەیراندا، گفتوگۆ بەردەوام بکات و ڕێگە نەدات هەر کێشەیەکی سیاسی یان ئەمنی هەموو پرۆسەکە بخاتە مەترسییەوە.
لە هەمان چوارچێوەدا، جیاوازیی نێوان پرۆسە و ئەنجام، گرنگییەکی تایبەتی هەیە. گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی کۆتایی نابێت تاکە ئامانجی سەرەکیی پرۆسەی ئاشتی بێت؛ چونکە ڕێککەوتنێکی بەردەوام پێویستی بە پرۆسەیەکی درێژخایەن، هەنگاو بە هەنگاو و پشتڕاستکراو هەیە. لایەنەکان دەبێت لە ڕێگەی هەنگاوی بچووک و بەردەوامەوە متمانە دروست بکەن، بەڵێنەکانیان بە کردار پشتڕاست بکەنەوە و توانای مامەڵەکردن لەگەڵ ناکۆکییە نوێکان لەناو هەمان چوارچێوەدا پەرەپێبدەن. بەم پێیە، سەرکەوتنی پرۆسەکە تەنها بەوە ناپێورێت کە ئایا ڕێککەوتنێکی کۆتایی بەدەست هاتووە یان نا؛ بەڵکو بە توانای پرۆسەکە بۆ دروستکردنی متمانە و بەردەوامکردنی گفتوگۆ لە کاتی قەیران و ناکۆکیدا پێوانە دەکرێت.
لە قۆناغی نوێی پرۆسەکەدا، ئەم مەسەلەیە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە دامەزراوەییبوونی پرۆسەکەوە هەیە. ئەگەر پرۆسەی ئاشتی تەنها پشت بە گفتوگۆی نێوان ژمارەیەکی سنووردار لە لایەنە سیاسییەکان ببەستێت، هەر گۆڕانکارییەکی سیاسی، هەڵبژاردن، قەیرانی ئەمنی یان گۆڕینی هاوسەنگیی هێزەکان دەتوانێت کاریگەریی لەسەر بەردەوامییەکەی دابنێت. بەڵام کاتێک پرۆسەکە لە دامەزراوە دیموکراتیکەکاندا جێگیر دەکرێت و ڕۆڵ و بەرپرسیارییەکان بە شێوەیەکی ڕوون دیاری دەکرێن، هەلی مانەوە و بەردەوامییەکەی لە کاتی گۆڕانکارییە سیاسییەکاندا زیاتر دەبێت.

لەو ڕووەوە، ڕۆڵی پەرلەمان لە قۆناغی نوێدا گرنگییەکی تایبەتی هەیە. لە ئەزموونی ٢٠١٢–٢٠١٥دا پەرلەمان بە شێوەیەکی سەرەتایی لە چوارچێوەی یاسایی و سیاسیی پرۆسەکەدا بەشدار بوو؛ بەڵام لە قۆناغی نوێدا هەوڵ دراوە ئەم ڕۆڵە بە شێوەیەکی دامەزراوەییتر و فراوانتر بکرێت. کۆمیسیۆنی هاوبەشیی نیشتمانی، برایەتی و دیموکراسی لە ٥ی ئابی ٢٠٢٥ دەستی بەکار کرد و لە ماوەی کارکردنیدا کۆمەڵێک دانیشتن و گوێگرتنی ئەنجام دا. هەروەها، لە ٢٤ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٥دا هەیئەتێکی هەڵبژێردراو لەلایەن کۆمیسیۆنەکەوە سەردانی ئیمراڵی کرد. ئەم هەنگاوانە نیشانەی ئەو ئاراستەیەن کە پرۆسەکە لە گفتوگۆیەکی سنووردار بەرەو بەشداریی دامەزراوەیی و پەرلەمانی دەگوازرێتەوە.

بەشداریی پەرلەمان تەنها بۆ زیادکردنی ڕەوایەتیی سیاسیی پرۆسەکە گرنگ نییە؛ بەڵکو دەتوانێت میکانیزمێک بۆ کەمکردنەوەی مەترسیی وەستاندن دابین بکات. پەرلەمان، وەک دامەزراوەیەکی نوێنەرایەتی، دەتوانێت ڕوانگە و نیگەرانییە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بگوازێتە ناو پرۆسەکە و لە هەمان کاتدا ڕێککەوتنە سیاسییەکان بەرەو چوارچێوەی یاسایی و دامەزراوەیی ببات. ئەمە بەتایبەتی گرنگە لە کۆمەڵگایەکدا کە پرۆسەی ئاشتی دەتوانێت لە هەردوو لایەنەوە ڕووبەڕووی نارەزایی و هەستیارییە سیاسی و نەتەوەییەکان ببێتەوە.

لە تورکیا، هەر هەنگاوێک بەرەو گفتوگۆ و سازان دەتوانێت لەگەڵ فشار و ڕەخنەی بەشێک لە کۆمەڵگا و هێزە سیاسییەکان بەرەوڕوو ببێت؛ لە کۆمەڵگای کوردیشدا، هەمان هەنگاو دەتوانێت لەلایەن بەشێک لە کۆمەڵگا وەک پاشەکشە "ئاشبەتاڵ" یان دەستبەرداری لە مافە سیاسی و نەتەوەییەکان لێک بدرێتەوە. بۆیە، سەرکردایەتیی پرۆسەکە تەنها توانای دانوستان و گەیشتن بە ڕێککەوتن نییە؛ بەڵکو پێویستی بە بەڕێوەبردنی چاوەڕوانییەکان، ڕوونکردنەوەی ئامانج و سنوورەکانی پرۆسە و دروستکردنی پشتگیرییەکی فراوانی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەیە.

لەبەر ئەمە، پرۆسەی نوێی ئاشتی پێویستی بە میکانیزمێکی ڕوون و باوەڕپێکراو هەیە کە چەند ئەرکێک لە یەک کاتدا جێبەجێ بکات: دروستکردنی متمانە، پشتڕاستکردنەوەی هەنگاوەکان، پاراستنی گفتوگۆ لە کاریگەریی قەیرانە ئەمنییەکان، کەمکردنەوەی کاریگەریی فشارە کورتخایەنە حزبی و هەڵبژاردنییەکان، و دڵنیابوون لە بەردەوامیی پرۆسەکە لە کاتی گۆڕانکارییە سیاسی و ئەمنییەکاندا. هەروەها، پێویستە هەموو ئەکتەرە سەرەکییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان تا ئەوەی دەکرێت بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە و دامەزراوەیی بەشداری بکەن.

لە کۆتاییدا، وانەی سەرەکیی ئەزموونی پێشووی کورد و تورکیا ئەوەیە کە ئاشتی تەنها بە نیازی سیاسی یان بە ڕێککەوتنێکی کۆتایی بەدەست نایەت. ئاشتیی بەردەوام پرۆسەیەکی درێژخایەنە کە پێویستی بە متمانەسازی، بەردەوامیی گفتوگۆ، دامەزراوەییبوون، بەشداریی کۆمەڵایەتی و توانای مامەڵەکردن لەگەڵ قەیران و ناکۆکی هەیە. لەو چوارچێوەیەدا، تیۆری "پاسکیل" تەنها وێنەیەکی سادە بۆ باسکردنی بەردەوامی نییە؛ بەڵکو ئاماژەیەکی گرنگە بۆ ئەوەی پرۆسەی ئاشتی دەبێت هەمیشە لە جوڵەدا بێت و بۆ هیچ قەیرانێک ڕێگە نەدات کە کۆی پرۆسەکە بوەستێنێت. ئەگەر قۆناغی نوێ بتوانێت ئەم بنەمایانە لە چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی و یاسایی

جێگیر بکات، بەشداریی پەرلەمان و کۆمەڵگا فراوانتر بکات و میکانیزمی بەرگری لە وەستاندن و پاشەکشە دروست بکات، ئەوا ئەگەری گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی سیاسیی بەردەوام و چارەسەرێکی ئاشتیانە بۆ کێشەی کورد لە تورکیا بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات.

لەگەڵ ئەو بنەمایانەدا، هەندێک فاکتەری دیکەش هەن کە ڕەنگە لە هەندێک شیکردنەوەدا کەمتر جەختیان لەسەر کرابێتەوە، بەڵام دەتوانن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەریی گرنگیان لەسەر ئاراستە و ئەنجامی پرۆسەی ئاشتی هەبێت. ئەم فاکتەرانە تەنها پەیوەندییان بە ناوەڕۆکی دانوستاندنەوە نییە، بەڵکو پەیوەندییان بە ژینگەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، دامەزراوەیی و نێودەوڵەتیی پرۆسەکەش هەیە لەوانەیش:

- **ڕۆڵی زلهێزەکان و سیستەمی باڵادەستیی جیهانی:** بەرژەوەندییە جیۆپۆلیتیکی و ئابوورییەکان، هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەکان، دەستتێوەردانی دەرەکی و ڕۆڵی کۆمپانیا و بازاڕە پەیوەندیدارەکان بە شەڕ و بازرگانیی چەک، دەتوانن ژینگەی دانوستاندن بگۆڕن و ئاراستەی پرۆسەکە دیاری بکەن.

- **پێکهاتە و توانای هەردوو لایەنی دانوستانکار:** ئاستی یەکگرتوویی ناوخۆیی، جیاوازیی بەرژەوەندی و بیرکردنەوە سیاسییەکان، ئاستی دامەزراوەبوون، توانای بڕیاردان و پابەندبوون بە ڕێککەوتن، کاریگەرییەکی بنەڕەتییان لەسەر سەرکەوتن یان شکستی پرۆسەکە هەیە.

- **بەشداری و نوێنەرایەتیی کۆمەڵگە:** فراوانیی بەشداریی کۆمەڵگەی مەدەنی و گرووپە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکان، لەگەڵ ئاستی نوێنەرایەتیی ئەو بەشانەی کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ناکۆکییەکە کاریگەرییان لێ وەرگیراوە، کاریگەریی گرنگی لەسەر ڕەوایی، متمانە و پشتگیریی گشتیی پرۆسەی ئاشتی هەیە.

- **کەمیی متمانە و قووڵیی ناکۆکی:** مێژووی شەڕ و توندوتیژی، برینە کۆمەڵایەتییەکان، ترس، گومان و نەبوونی متمانە لەنێوان لایەنەکان، دەتوانێت ئامادەیی بۆ سازش کەم بکات و پرۆسەکە بەردەوام لە مەترسیی پاشەکشە و وەستاندن دابنێت.

- **نابەرامبەریی هێز لەنێوان لایەنەکان:** جیاوازیی توانای سیاسی، سەربازی، ئابووری و دامەزراوەیی دەتوانێت هاوسەنگیی دانوستاندن تێک بدات و هەندێک لایەن لە هەستکردن بە پێویستیی سازش دوور بخاتەوە.

- **لاوازیی دامەزراوە و میکانیزمی جێبەجێکردن:** نەبوونی چوارچێوەیەکی یاسایی و دامەزراوەیی ڕوون، چاودێریی سەربەخۆ، گەرەنتیی جێبەجێکردن و میکانیزمی چارەسەرکردنی پێشێلکارییەکان، دەتوانێت تەنانەت ڕێککەوتنی سیاسیی سەرەتایی لە قۆناغی جێبەجێکردندا تووشی شکست بکات.

- **ڕۆڵی میدیا و ڕای گشتی:** شێوازی پێشکەشکردنی ناکۆکی لە میدیا، پڕۆپاگەندە، دروستکردنی وێنەی «دوژمن»، هەڵگیرساندنی هەستی ناسنامەیی و فشارەکانی ڕای گشتی، دەتوانن مەودای سازشکردنی بڕیاردەران کەم بکەن و متمانەی نێوان لایەنەکان لاواز بکەن.

- **نەبوونی ستراتیژیی درێژخایەن و پلان بۆ دوای ڕێککەوتن:** سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی تەنها بە گەیشتن بە ڕێککەوتن کۆتایی نایەت؛ بەڵکو پێویستی بە پلانێکی ڕوون بۆ قۆناغی دوای ڕێککەوتن، جێبەجێکردنی بەڵێنەکان، چاودێریی پرۆسە و پاراستنی ئەنجامەکان هەیە. نەبوونی ئەم ستراتیژییە دەتوانێت ڕێککەوتنێکی سەرەتایی بگۆڕێت بۆ پرۆسەیەکی لاواز و شکستخواردوو.